

# ستڕانبێژی شەقام

ئازاد عەزیز سورمێ
کردوویە بە کوردی

چاپی یەکەم
2016

# ستراتیژی شەقام

## شیعر لە ئەدەبیاتی بێگانەوە

نەوزاد عەزیز سورمێ
کردوویە بە کوردی

چاپی یەکەم
2016

https://www.facebook.com/mali.wafa

- ستRانبیژی شەقام
- شیعر لە ئەدەبیاتی بیگانەوە
- وەرگێڕانی: نەژاد عزیز سورمێ
- نەخشەسازی: کاروان محەمەد سینۆ
- بەرگ و کۆلاژەکانی ناوەوە: وەرگێڕ
- بلاو کردنەوەی ماڵی وەفایی
- چاپی یەکەم ـ 2016
- نرخ (3000) دینار
- ژمارەی سپاردن لە کتێبخانەی گشتی ( 185 ساڵی 2016 )

## لەوەرگێڕەوە

جارێکی تر، لەگەڵ چەند دەقێکی شیعریی وەرگێڕدراوی دی پێکدەگەینەوە ، ئەم کۆمەڵە شیعرە دەبێتە سێیەمین هەڵبژادە لە ئەدەبیاتی بێگانەوە، پاش (نووستوی بەر باران ) چاپی یەکەمی 1980 بەغدا، چاپی دووەم 2005 هەولێر هەروەها(شوانی بۆشایی) چاپی2010 ـ دهۆك.

شیعرەکان زۆربەیان لە عەرەبییەوە کراون بە کوردی، لێرەشدا دووبارەی دەکەمەوە کارەکە بێ پێشینە بووە، بە واتا تێکستەکان لەخۆیاندا ئەنگیزە بوون ، دوای خوێندنەوەیان خولیای کار لەسەرکردنیان دایساوە...

بێگومان پێمخۆش دەبێ ئەگەر لە وەرگێڕانیاندا توانیبێتم ڕۆح و دنیابینی شاعیرەکان و شیعرییەتی تێکستەکان بپارێزم.

نەوزاد عزیز سورمێ

کانوونی یەکەمی 2015

## داریوش...
## بانگ بە ئاراستەی ئاسۆیەکی ئازاددا

*"... ئەو ماڵە، ماڵی ئێمەیە گڕی گرتووە..*
*ئەوانە هاونیشتیمانی ئێمەن دەسووتێن تا بژین و دەژین تا بسووتێن... ".*

*" لە هەر کوێدا چرا هەڵبێ،*
*لەترسی تەنیایی بوونە.*
*ئەی ترسی تەنیایی من !*
*لێرەدا چرا ڕۆشنە ".*

داریوش


ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، تازە سەروکارم لەگەڵ (زمانی فارسی)دا پەیدا کردبوو، بە شەوقەوە، ئاسمانپەروەرانە، ئەوەی دەستم کەوتبووایە دەمخوێندەوە و گوێم لێ دەگرت..
دوای نسکۆی شۆڕش، کاتێ بە ناچاری کەوتینە ئەودیو، خوولێکیان بۆ فێربوونی زمانی فارسی لە شاری مهاباد بۆ

کردینەوە، بەو نیازەی ساڵی پاشتر، ئەوەی قوتابی بێت لە قوتابخانەکانی ئێران درێژە بە خوێندن بدا..
لە خوولەکەدا و لە تێکەڵاوی هاوپۆل و مامۆستاکانماندا، بێجگە لە زمان، هەلی خوێندنەوە و نزیك بوونەوەمان لە ئەدەبیاتی فارسی زیاتر بۆ ڕەخسا، لەلایەکی دی، ئاشنایەتیمان لەگەڵ هونەرمەندانی بوارە جیاجیاکانی ئەوێ پەیدا کرد، لە هونەرکارانی سینەماو شانۆ و شێوەکاری و گۆرانی و مۆسیقا...
بەڵام بۆ ئێمەی تەنیاباڵ و دڵشکاو و ئەوێ دەمێ هیوا بڕاو، لە تۆغیانی گەنجیەتیدا،گۆرانی و مۆسیقا ببوو بەپەناو سەلوای کات و ساتمان، بەتایبەتی ئەو گۆرانییانەی ئەوسا لای تویژی لاوانەوە دەستاودەستیان دەکردو بۆ یەکدی و بەیەکتریان دەگوتەوە..
نموونەی (گوگوش و سەتتار و مەهەستی و هایدەی خوشکی و حەمیرا و داریوش و.. تاد)
بۆ من لەبەر زۆر هۆ کە ئەوسا و ئێستاش ناتوانم لێکی بدەمەوە (داریوش) لە هەمووان زیاتر، ئێستاشی لەگەڵدا بێ سەرنجی ڕاکێشاوم و بەشەوقەوە، گوێی لێ دەگرم، بەو مانایە نا، ئەوانی دیم پێ خۆش نەبووبێ، یا گوێم لێ نەگرتبێ، بەتایبەتی (گوگوش و هایدە)، بەڵام داریوش لە زیندەبەتاڵی ژیانی ئەوان ڕۆژانەدا، بە گۆرانییەکانی ختوکەی هەستی دەدایین و تاڕادەیەك، بە پروشەیەکیش بووایە دڵی بیابانی ئاو دەدایینەوە..
داریوش لەناو ئاتمۆسفیرێکی خەمبار، بەڵام ئومێدبەخش گۆرانی دەچڕێ، کە پێم وایە ئێستاش لە دوور وڵاتیدا لەناو هەمان ئاتمۆسفیردا ماوەتەوە و بە هەمان هەناسەو هیواوە بەردەوامە.
ئێستا ئەو کەناری ناو شەپۆلەکانی ئۆقیانووسە، کەسێکی شادی خەمبارە، جگە لە گۆرانی چڕین، نمایشکار و چالاکێکی لەپێشی بواری کۆمەڵایەتیشە، ڕوانین و ڕوئیای خۆی هەیە.

داریوشی ئیقبالّی، ناسراو بە (داریوش) لەتاران لەدایك بووە. منداڵی لە شارەکانی (کەرەج و کوردستان "سنە") گوزەراندووە، باوکی وەك لە ژیننامەی داریوش دا هاتووە، یەکێك بووە لە دەستڕۆیشتوو و هەبوویەکانی ئازەربایجان (شاری میانە).
بۆ یەکەمین جار داریوش لە تەمەنی 9 نۆ ساڵیدا، لەبۆنەیەکی قوتابخانەدا لە شاری (ئارا) چووەتە سەر شانۆ.
قۆناخی خوێندنی ئامادەیی لە خوێندنگاکانی (فارابی و کەرەج و خوێندنگای ڕازی لەسنە و ئازدگان لە تارانپارس) بەسەربردووە و بەرنامەو نمایشی هونەری تێیاندا هەبووە. هەروەها بۆ یەکەمین جار بە گۆرانی (بەمن نگو دوستت دارم- بەمن مەڵێ خۆشم دەوێی) ناووبانگی پەیدا کرد.
داریوش لەوەختی (حوکمی شا)دا بەهۆی گۆرانیە سیاسیەکانی، نموونەی (جنگل- دارستان، بن بست- بنبەست، بوی خوب گندم- بۆنی خۆشی گەنم، و هی تر) ماوەیەك خرایە زیندانەوە.
لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی ئیسلامیشدا، داریوش وەك زۆربەی گۆرانبێژ و هونەرمەندانی ئێرانی، وڵاتەکەی بەجێهێشت.
ئەو لەو بارەیەوە وتوویەتی: "ناچار بووم نیشتمان بەجێ بێڵم... لە سەفەری بێ دیماهیدا هەوڵ دەدەم لە نزیك هاونیشتیمانیانمدا سروودی ئێرانی ئازاد بم".
داریوش کە ساڵەهایە دوور لە وڵات دەژی، وەکو چالاکێکی چالاك بەرگری لە مافی پەنابەرانی وڵاتەکەی کردووە و دامەزراوێکی تایبەتیشی بەهێنانەوە سەر ڕێی ئەوانە ئاوا کردووەتەوە کە دووچاری مادده هۆشبەرەکان بوون، لەکاتێکدا خودی خۆی یەکێك بووە لەوانەی بەو ماددانەوە موبتەلا بووە، بەڵام پاش چەندان ساڵ موبتەلایی، توانی لەساڵی 2000 دوو هەزاردا بڕیاربدا بۆ دواجار وازی لێ بێنێ.

ئێستا داریوش لەشاری (لۆس ئانجلس)ی ئەمەریکا دەژی، کورێ و کچێکی هەیە (میلاد و بێتا).
ئەوەی لە هونەری داریوشدا بەرجەستەیە، بەڕای من ئەوەیە، کە ئەو هەمیشە هەوڵی داوە (قەسیدە) بچڕێ، ئەم خاڵەش وای دەبینم ئیکسیری سەرکەوتنی ئەوە لەپاڵ ئەداو ستایلی تایبەت بەخۆی، لێرەدا پێم باشە یەك دوو دێر لەسەر ئەم لایەنە بنووسم:
ئەگەر بڕوانین زۆربەی هونەرمەندانی دونیا، دەبینین هەمیشە ئەوانەی قەسیدەیان چڕیوە، تەمەنی کارەکانیان زیاتر بووە و زۆر جاریش بە نەمری ماونەتەوە، بە هونەرمەندانی خۆشمانەوە. بەڵێ ڕاستە ئاواز گرینگە، بەڕادەیەك تەواوکەری تێکستی گۆرانییە، بەڵام دیسان چەندی ئاواز جوان و نزیکە هەست بێ بە شیعری خراپ وێران دەبێ.
لەم ڕاستەشدا مەبەستم لە قەسیدە، ئەو شیعرانەن کە لە بنەڕەتدا وەك قەسیدەی سەربەخۆن، نەك بەنیازی گۆرانی نووسرابن.
دیارە ئێمە کە باسی قەسیدە دەکەین، ئەوە ناگەیێنێ لە بەهای ئاواز و دەنگ و ئەدا کەم دەکەینەوە.
لە هەموو ئەمانەدا و لە هەڵبژاردنی خودی (قەسیدە)شدا داریوش سەرکەوتوو بووە، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە هەر لە سەرەتای ژیانی هونەریدا هەوڵی داوە ستایلێکی تایبەت بەخۆی لە ئەدادا هەبێ.
ئەو، شیعری شاعیرانی وەکو (ئەحمەدی شاملو و ئیرەجی جەننەتی عەتایی و ئەردەلانی سەرفراز و فرەیدوونی موشیری و شەهیاری قەنبەری و سیمینی بەهبەهانی و مینایێ جەلالی و شاعیرانی مەزنی وەکو جەلالەددینی ڕۆمی و حافزی شیرازی تەنانەت باباتایەری هەمەدانیشی) بە سەبك و ستایلێکی فەنتازیاپۆش و ئاهەنگداری ئەوتۆوە کردووە بە گۆرانی، وەکو وتم لەکەناری

ناوەڕاستی شەپۆل دەچن، دڵنیاکـەرەوە و ئـارام و ئومێدبـەخش و سەلواهێنەر...توحفەی لێ دروست کردوون.
وەکو خۆم، دوای گەڕانەوەمان لە ئێران، لەو کاتانەی بۆ عەرەبستان دوورخرابووینەوە، جارێکی دی چەند کاسێتێکی داریوش لـەو بـێ یاوەری و بێ ئاودەنگی و تەنیاییە کوشندەیەی گوندێکی لاتەریکی بیابان، باشترین و نزیکترین یاوەرم بوون.
هەر ئەو کاتە، ناوەڕاستی حەفتاکان، چەند گورانییەکم لە کاسـێت گرتنەوە و کردنم بە کـوردی لەگـەڵ چـەند شـیعرێکی دیکـەدا لـە دووتوێی چاپکراوێکدا بڵاوم کردنەوە.
ئەمڕۆش بە یادی ئەوان ڕۆژان و ڕۆژانی پێشتر، ئەم چەند گۆرانییەم (بۆ خۆم) وەرگێڕاون، پێم خـۆش بـوو ئێـوەش لـە خوێندنەوەیانـدا لەگەڵمدا بەشدار بن.



## چاوی من

چاوەکانم!
وەرن هاوکاریم بکەن
گوناکانم وشك بوون ، کارێ بکەن!
لەگرین بەدەر،
مەگەر کارێ بشێ بکرێ ؟
کارێکمان لە دەست نایێ، شیوەن بکەن ..

ئەوەی ڕۆیی، ئیتر هیچ کات نایەتەوە
تا قیامەت دڵی من گریانی دەوێ.

**هەرچی دەریای خوا هەیەتی لەسەر زەوی ،**
**بە تەواوی هەوری ئاسمانانەوە ..**
**خۆزگە هەمووی بدابووایە چاوی من**
**تا چاوەکانم،**
**بۆ حاڵی من بگرین.**

**ئەوەی ڕۆیی، ئیتر هیچ کات نایەتەوە**
**تا قیامەت دڵی من گریان دەخوازێ.**

حیکایەتی ڕابردووی خۆشی من
زۆر زوو،
وێنەی خەونێ
تەواوبوو..
ئێستا دەبێ دەست لەچۆکان وەرێنم
تا قیامەت، ئەشکی حەسرەت ببارێنم.

دڵی هیچ کەس ،
وەك دڵی من خەمی نییە..
وەك من غوربەت و ماتەمی نییە..
ئێستا، کە گریان دەرمانی دەردی منە
بۆچی چاوم فرمێسکی کەم دەردەدەن؟

خۆری ڕووناکی ئێمەیان دزی و
خستیانە ژێر هەورە چڕەکانەوە..
هەموو جێ، ڕەنگی ڕەشی ماتەمە
دەرفەتی مانەوەی ئێمە زۆر کەمە !!

ئەوەی ڕۆیی ئیتر هیچ کات نایەتەوە
تا قیامەت دڵی من گریانی دەوێ ..

چارەنووسی چاوەکان ،
کوێر نایبینێ ..
زامی خەنجەر
لەسینەدا دەمێنێ..
لێوی بەستراو..
سینەی نوقمی خوێن..
ئا ئەمەیە،
حیکایەتی غوربەتی مرۆڤ

ئەوەی ڕۆیی ئیتر هیچ کات نایەتەوە
تا قیامەت دڵی من گریان دەخوازێ...

## شەترەنج

لە پشتی پەردەوە بڕوانە!
ڕۆژگار وێنەی شەترەنجە
هەریەکێ وێنەی داشێك
لە گەمەکەدا دەمێنێ
یەکێ وەك ئێمە پیادە ..
یەکێ سەت ساڵە سوارە
یەکێ بێ ماڵ و بە بێ حاڵ
ئەوی دی خێوی دوو قەڵا..
لایەك هەموو ڕەش
لایەکەی دی سپی
تەمەنێکە لەملی یەکترین
خەریکن گەمەمان پێ دەکەن ..

ئەوان یەکەمین یاری
لەماڵی من و ماڵی تۆدا
بەسمی ئەسپی دژمنان
ئەو هەموو سەربازەیان
پێشل کرد..
ببینە ئەمڕۆش
لەناو یاری
پاشاو وەزیرداندا
هێشتا بێ جوولە
لەپشترا ،
سەنگەرمان لێ دەگرن ..
تەخت و تاجی پاشای دوێنێ ،
لە قەڵایاندا نامێنێ ..
بە خەیاڵیان ئەو تاجەیان
تا هەمیشە
بەسەرەوە دەمێنێ

لەبیریان چووە، ئەو پاشایەی
بە سەت داش نەشکا
لەشکری پێخواسان،
لە مەیداندا
توانییان تاجی لەسەر
بکەنەوە .
ئەوەی گاڵتەمان پێ دەکا ،
ئەوەی پێمان پێدەکەنێ ،
ئەوەیە ئەو داشانەی
بۆ تاشیوین.
ئەوەی نەپاشایە، نە سەرباز
نە ڕەشە، نە سپی..
بڕوانە..!
لە پشت پەردەوە بڕوانە !

## گوڵی سوور

گوڵی سوور
دڵم وێنەی دڵی تۆ خوێنە،
گوڵی سوور !
چاوم دەریای بارانە
گوڵی سوور!
دڵشکاندن، وێنەی مردن دەمێنێ
لێ دڵبەستن ئاسانە،
گوڵی سوور!

گوڵی سوور !
دەردی من یەکە، دوو نییە
ئاخر دەردی من ،
لە بێگانانەوە نییە..
کەسێ خوێنی منی
لە لەپی دەست وشك بووە
تەنانەت یەك هەناسە
لەمنەوە جودا نییە.
گوڵی سوور، ئای گوڵی سوور
گوڵی هەمیشە عاشق !

**گوڵی سوور !**
**ئەمن لێرە زۆر غەریبم ..**
**ئاخر لێرە کەس کەس**
**عاشق نابێ !**
**خەمی دڵنەوایی عەشق**
**لە ڕەگەزی چیایایانە**
**دڵۆڤانی من،**
**لە ڕەگەزی شووشە..**

گوڵی سوور !
دوا عاشق تۆ بووی
تۆ مردی ،
دوای تۆ
عاشقی مرد ..
تۆ دوا سەراب و عەشق و حەسرەتت
لەناو گوڵخانەکانی بێکەسیی برد ..
گوڵی سوور، ئای گوڵی سوور
گوڵی هەمیشە عاشق!

هەڵاتین و هەڵاتین و هەڵاتین
بەشەوی پڕ لە سەربردە گەیشتین
چارەنووسمان ئاڵۆز بوو ،
هەڵاتین ..
بەڵام دواجار یەکترییمان بڕییەوە .

گوڵی سوور !
شوێنی تۆ دەشتی خودا بوو ،
نە گوڵدان ..
نە لەنێو چیرۆکاندا بوو .
ئێستا تەنیا
ڕواڵەتێك لەتۆدا ماوە
کە سەرکردەی مۆمی ، عاشقانی..
گوڵێ سوور، ئای گوڵی سوور !!
گوڵی هەمیشە عاشق
گوڵی سوور
گوڵی هەمیشە...
عاشق...

## زیندانی

وەختێ کە دڵ تەنگە ،
سوودی چییە ئازادی ؟
ژیان کە زیندانە
وەختێ کە نەبێ شادی
ئادەمزادی غەمگین ،
دنیای لێ زیندانە ..
لەناو سەت ملیۆندا،
دیسان تەنیا دەمێنێ..

دنیای زیندانێ دیوارە.
زیندان لە دیوار بێزارە.

باڵدار کە باڵی دەسووتێ
دڵی خەم بە حاڵی دەسووتێ
ئاخر مەرگی، بۆ ئازادییە
باڵدار کە باڵی دەسووتێ ..

ئادەمزاد کە شاد نییە
بەخودای ئازاد نییە
ژیانی دەبێتە زیندان
ئادەمزاد کە شاد نییە ..

دنیای زیندان دیوارە
زیندان لە دیوار بێزارە

بۆ کوێ بچن پەڕەندە؟
هەوای قەفەس کوشەندە..
دەرەوە پڕ لە دڕندە..
بۆ کوێ بچن پەڕەندە؟

دنیای زیندان دیوارە
زیندان لە دیوار بێزارە ..

## گوناهی منداڵان چییە؟

گوناهی زارۆیان چییە؟
لەم سەتەی شێتیەتی
کە بە بێ دەنگ ،
لەناو مەشخەڵی جەنگ و خوێن
هەڵدەوەرێن..؟

گوناهی مناڵان چییە؟
کە پەناییێکیان نییە
شەوانە بە حەسرەت و قین
سەریان دەخەنە سەر سەرین؟

گوناهی منداڵان چییە؟



دڵگیرم لە دونیایێ
نوقمی شەوی بێ دوابیە
دونیای تاڵی ،
کە هێشتاکە
یاری دەستی لاسارانە.
هەر کەس بەناوی ئەمنییەت
جیهان خڵتانی خوێن دەکا
لایەلایەی هەر منداڵێ
دەنگی بۆمبا و ساچمەیە.

گوناهی منداڵان چییە ؟
کە دونیا ئەوەندە ڕەشە ؟
کە شەڕ و هەژاری و بێکەسیی
چارەنووسی تاڵی ،
میللەتانە..!

کەی دەبێ؟
کەی دەبێ بایەقۆشی شوومی نەداری
لەم جیهانەدا پەڕ باوێ ؟
سایەی ئازادی و عەشق
ڕووی زەمین دابگرێ ؟
کەی دەبێ؟
لە ئاسماندا
بارانی شادی بباریێ ؟
فریشتەی میهر و ئومێد
پا بخاتە سەر ڕووی زەمین..؟

ئەی منداڵی بێ سەرزەمین !
شەو ڕادەکشێ هێزە بدە خۆت !
چڵی گوڵ
لە لوولەی داغی
ڕەشاشەکانەوە ڕاکە!
هێزە بدە خۆت !
ئەی منداڵی بێ سەرزەمین ..!

---

*ئاماژە:*

* گۆرانییەکان لەبەر کاسێت و CD یە بڵاوکراوەکانی داریوشەوە کراون بە کوردی.
* بۆ ژیانی هونەرمەند، لەوەی پەیوەندی بە بایۆگرافیاوە هەیە، سەیری چەند سایتێکی فارسی کراوە.

## فازڵ عەززاوی

---

- من هاوارم چ قوڕگێك دەمچڕێ؟
- فلیمێك لە وێستگەیەکی شەمەندەفەردا
- کەژاوەی بێدەنگ
- لە پەنجەرەیەکی کراوەوە بەسەر شەقامێکی تاریکدا
- پێك
- قومارچی
- ئەگەر بچمە ناو ئەشکەوتێك
- ئارمیشی پێچەوانە
- نیگەرانیم لە بارەی چارەنووسم لە بەهەشتدا

## من هاوارم، چ قورگێك دەمچڕێ؟


( **گۆرانییەك**
لە باخچان گوێم لە درەختان گرت،
ناڵە و فیغانیان بوو
لە ئاسماندا گوێم بۆ مەلان ڕادێرا
دیتم کۆچ دەکەن ..
گوێم لە مرۆڤ گرت ،
لە غوربەتی سەردەمدا نەمدۆزییەوە..
نەمدۆزییەوە هاوزاکانم !! )

چی بکەم هاوزاکەم ؟
تا نەیەڵم ئەم شەوە سووتێنەرە
بگاتە چەهرەت؟
دژمنان بۆتی دەهێنن ..

بە پێڵاوی پۆلاپینەوە پێشێلت دەکەن،
لە خەودا سەردانت دەکەن،
بە خۆشەویستی بانگت دەکەن..
کەچی تۆ قوربانیی ئەوانی ..؟

چی بکەم هاوزاکانم؟
کە من لەسەرگردی نامۆیی دانیشتووم،
لە زەماوەندی مرۆڤدا،
جەنازەی ئەم جیهانە دەبینم هەژاران هەڵیدەگرن ؟
کەژاوەگەلێك لە چەند کیشوەرێکەوە،
شەیتان حوکمیان دەکا؟

چی بکەم هاوزاکانم ؟!
کە هاوزاکەم دەبینم لە قاوەخانەی مەزنان دادەنیشیّ،
تریاکی ئازادی دەکیّشیّ،
وەك کویّر لاشەی لە مەیخانان ڕادەکیّشریّ،
ڕۆشنایی بەلەپی دەستدا دیّتەخوار،
کە جەللادان بە دەوری سەری ئەو شارانەدا دەخولیّنەوە
بە ئاگری ئەبەدییەتەوە شوّراون؟



چی بکەم هاوتەمەنەکانم؟
کە من هەموو بەیانییەك ،
لە ڕۆژنامە ڕۆژانەییەکاندا
دەنگت بە سووری بەرەواژەوە،
وێنەی ڕۆژێکی ڕەش دەخوێنمەوە ؟
برسییەتی جووتیاران دەخوێنمەوە..؟
گۆرانی (نایل) لە کێڵگەییێکی بەردراو
لەناو دێری مەرەزەی سووتاودا،
وێنەی جورج دەچڕن،
پەنجەکانیان بەسەر خوێنی خاکی بتپەرستدا
ژەهری لێ دەتکێ ؟

کوا دڕندەی وەستاوی کەناری ڕووبار؟
قوربانیی دیکەی بدەنێ، پاکیزەکانتانی بدەنێ !
خوێنی خوای بدەنێ، کە بەسەر کەڤڕاندا ڕژاوە ..
بیدەنێ !
تا بزانین
مانای بزانین چییە ؟
تا ئاگری مردووان بکوژێنینەوەو
لە مرۆڤەوە دەست پێ بکەین.

چی بکەم هاوزاکانم؟
کە لە تاراوگەدا مەکینان دەبینم
عاشقی بەکرێگیراو بەرهەم دێنن،
بە شارە داگیرکراوەکاندا دەخولێنەوە،
تژی خۆڵەمێش،
بەسەر خەمی دۆڕاواندا دەڕۆن و
خانوان ،
بۆ دڕندەی نووستوی دارستانی بیابان
بنیات دەنێن ..؟

چی بکەم هاوزاکانم ؟
کە گوێم لە چەندان نەوەیە
لە برینی گوڵدا کەڵەواژی دەبنەوە،
تارماییِن،
وەك مەلی زێڕین
مەلە لە دیجلەدا دەکەن،
پاشان گۆرانی دەچڕن و دەمرن ..
وێنەی عاشقان، لە خەمان بەتەنێ دەمرن ..
کە نیشتیمانێکیان نەدی پەنای بۆ ببەن،
وەك چۆن غەریب،
پەنا بۆ نیشتیمانی غەریبان دەبا..؟

چی بکەم هاوزاکەم؟
منیش وەك تۆ بە کوڵم،
خەون بە ژنێکەوە دەبینم
لە زینداندا، لە نێوان من و مەرگ دابنیشێ ؟
لە نیشتیمان پتر، حەزمان لە مێینەیە ..
کە لە جوانترین ڕۆژانی تەمەنماندا تێکماندەشکێنێ!
کە ئازادی چەقۆییێکە لەدڵدا،
دروشمێکە بە نهێنی هەڵیدەگرین و
لە ژووری زیندانێکی لە بیرکراودا
بە قاوەوە دەیخۆینەوە.

چی بکەم هاوتەمەنەکانم؟!
کە من بە شێتایەتی ئەو گەنجانەوە،
لە قوتابخانە دەردەکرێم،
بە بێدەنگی بە جیهاندا دەسووڕێنەوە و
لەسەر شۆستەی شارە گەورەکاندا
بێ خەم یا نازناوێك
لەوەی دەوڵەت دەیاندا بە خەڵك
دەمرن..؟

چی بکەم هاوزاکەم؟
کە من لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا
دابەش بووبم،
میرێك لەناو ڕۆکێتێکدا بەرەو ڕۆح دەچێ،
لە خێوەتی هۆزەکەمدا دیلم،
نامۆ لە نێوان ئامێر و خواوەندی ڕووت،
لە نێوان یەهووداو لەخاچدراوی سەرشانم ..
من یەهوودا نیم، لە خاچدراو نیم
ئەی تۆ کێی؟ وەرە پێش !
من پێنجی حوزەیرانی عارەبیم
من ئەو حەفتەیەم، بە سۆزی ڕۆژهەڵاتییانەوە
ڕۆژی لێ هەڵوەران ..
من شەڕی دژ بە خۆمم ..
ئافرەتێك لە باڵای گەلەکەمدا هاتە خوارێ
مەمکی فڕێدانە ئاو و وتی:
ئەوەی دەیەوێ ژنی شەڕ بخوازێ با بێتە پێش !



سلاو ئافرەت !
ئەی ئەوەی لەژێر هەوری شەودا وەستاوی،
چاوەڕێی نەوەیەکی دی بکە،
نەوەیەك وەك سامالّ بروسکە دەداو
وەکو خۆر، بە ویقارەوە بۆت دێ،
میرێکی عارەب لە پاشەڕۆوە، ئەمشەو چاوەڕێی بە!
چاوەڕێم بە ئەی سکی بە ملیۆنان منداڵ پڕ!
چاوەڕێم بە تا (ئاینده) منداڵێکی عارەبی دەبێ !
سەرکەوتنی چاوەڕوانکراوی لەتۆوە لێ دەکەوێتەوە..

چی بکەم هاوزاکانم؟
کە خاك پاشای بتپەرستی داومەتێ، عەبارەش،
ئەڤین فرمێسکی داومەتێ، گوژاڵك و
ژنی وا بەرهەم دێنێ پێشی مردن
شین لەسەر گۆڕم دەگێڕن،
داوای دڵداری ڕۆحییان لێ دەکەم،
کە پێم دەڵێن،
دەمرم بۆ ئەڤینێ و لەبیرم دەچێتەوە مردووم ؟
من گەلی مردووم، زەمەنی مردووم،
من پێش مردن، وەچەیێکی مردووم ..

چی بکەم هاوزاکانم؟
کە من بە غەریبی بەناو غەریباندا ڕادەبوورم،
غەریب دەرم دەکەن،
چونکە نیشانەی لەخاچدرانم پێ نییە ..!

چی بکەم هاوتەمەنەکانم؟!
کە من (حەمەد)ی جووتیاری یاخی بم ،
هۆرەکان پەنای بۆ ببەن ..
پۆلیس لە شەوی زەماوەندا ،
لە نێوان گوڵە سوێسن و توتڕکدا ڕاوی بنێ ؟
لە دوایدا تەنیا، وەك دارخورما
لە ماڵی ئاغەدا بمرێ ؟

کاروان لای من وەستا،
سەردەم غەریبی هەستاندم ،
وتی: بڕۆ گوڵ لە بێستانی دەریادا بچنە ؟
هەژاران لەبەری دەکەن،
گەردانەن لە خانەی مێژوودا
با لە برینی شەهیدان کراسێك بێنن ،
بەسەر کێڵگەی زێڕینی گەنمدا هەڵیخەین ..
- باهۆز گوڵی دارستانی کوژاندەوە
باهۆز گوڵی خوێنی کوژاندەوە ..
- با بێتە پێش
- چیم لە دەست دێ لە بابلدا بیکەم؟
کە من پیاوێك بم پێوەندار،
جیهان بە گاسنێك لە ملمدا دەبینم ،
لە نووستنیشدا هەڵیدەگرم ؟

- با بچێته پێش
له نێوان گوڵ و گوڵدا چەقۆ ..
له نێوان ئازادی و چۆلەکەدا ئاشتی ..
ڕاپەڕیم،
کۆت و پێوەندم هەڵگرتن،
ترسی نووستووی ناو پێستم بەرەڵڵاکردو
ڕاوەستام دەستم دایە شەڕ لە بابل
خەمی تەنیای دونیا ..

چی بکەم هاوتەمەنەکانم ؟
که من چەند مانگێکە توونێلێك
له ژووری زیندانەکەم لێ دەدەم ،
له چاوی پاسەوانەکانمدا شاردوومەتەوە ،
دەیخەمە شەو و بۆ هاوڕێکانم دەگریم
که لەبەر زیندان‌دا له سێدارە دران ..

منیش هەر کە بەیانی دا،
بەناو مردوواندا دەخشێم و دەنووم و
خەون بە ژنێکەوە دەبینم
لە دەرەوەی شوورەی زیندان بانگم دەکا:
- دوو ساڵە لەبەر دەرگام ،
لە بارەی (با) وە لێم دەپرسن
بگەڕێوە لام، ڕێگات گوڵڕێژ دەکەم !
لە دڵەوە هاواردەکەم ،
خۆشەویستەکەم گەڕایەوە ..

چی بکەم خۆشەویستم کە دڵ نەخۆشە؟
چی بکەم کە توونێلەکان ڕێگای زیندانێکن
لە شەودا
بۆ زیندانێك لەشەو؟
چی بکەم دڵەکەم کە دونیا شەوە؟

( چەند جار دەکرێ ون بوو ون بێ
تاکو ڕێگا بناسێ ؟
چەند جار دەکرێ عاشق دڵداریێ بکا،
تا ڕق و کینە هەڵوەرێن ؟
چەند جار دەکرێ زیندانی زیندان بکرێ ،
تا زیندانەکان بڕوخێن ؟
چەند جار دەکرێ شەپۆل لافاوان بەرپاکا،
تا کەنار بە بنەخۆی بدا؟
چەند جار دەکرێ چەقۆ لە مرۆڤدا بچەقێ ،
تاوەکو ئێش بناسێ ؟
چەند جار دەکرێ شۆڕش بەرپا بێ ،
تا پیسی پاك بکرێتەوە ؟
چەند جار دەکرێ مەسیح لە خاچ بدرێ ،
تا خاچ ڕابێ ؟
چەند جار دەکرێ دژمنان بیابان بگرن ،
تاکو چەك هەڵدەگرێ ؟
چەند جار دەکرێ هاوار بقیژێنێ ،
تا مردوو گوێیان لێ دەبێ ؟
چەند جار هاوتەمەنەکانم ؟! )

چی بکەم هاوزاکانم ؟
کەمن منداڵێکم لە دارستاندا
لە ناو گورگان لە دایك دەبێ ..
ئایا بگریم ؟
کێ دەنگم دەبیێ؟
لە باهۆزی لماوی زیاتر ..؟
کێ گوێی لێم دەبێ ؟

چی بکەم هاوتەمەنەکانم ؟
کە من مێژووییەك لە لەپی دەستم هەڵدەگرم
خوێنی لێ دەتکێ ؟
کە دەروێشێکی کۆتبەندم ،
لەگەڵ تارمایی وا دادەنیشم گاڵتەم پێ دەکەن ؟
قوتابی کۆلیژە بۆشەکان ،
بەسەر ترسدا هەڵبوو،
قوربانیی کتێبە زەردباوەکان ؟

چی بکەم هاوزاکانم ؟
لە کاتێکدا بە ڕمێکی شکاو و زمانێکی بڕاوەوە
بۆ شەڕ دەچم ؟
چونکە من لە ئاشتی شەڕدا نووسراوم..

چی بکەم هاوتەمەنەکانم ؟
کە من ڕیکلامێك بم بۆ برسییەتی لە تەلەفزیۆندا ؟
چی بکەم ؟!
کە من دوا پیت بم لە زمانی عارەبیدا ؟
داخۆ دەزانم هاوزاکانم؟ هاوزا بە تەنیا کوژراوەکانم ،
کە چۆلپەرستان بەسەر ئەستووندەی زرێپۆشانەوە
لە خاچی دەدەن و
لە خیوەتی غوربەتدا بەسەری دادەدەن ؟

بەژێر خۆڵەمێشی شارە سووتاوەکاندا دەڕوا،
بوو بە ڕۆژ، پاشان شتەکانی تێدا کوژایەوە ..
بوو بە ژنێکی یافایی ،
سەربازان ماوەیەکی درێژ گەمارۆیان دا ،
کوڕێکیان دایێ نامانناسێ ،
چۆلپەرستێکیان دایێ
خزمەتی خوداوەندەکانی بیابان دەکا ..

تۆ کێی؟
گوێم لێ بوو، لەو تارماییانەدا بانگم دەکەن
کە لە سێبەردا بەشەڕدێن
لەو شارانەی بەسەر ئاوەوە بەرەو من دەخشێن
لەو کرێکارانەی بە پەتی نەفرەت بە دیوارەوە گرێدراون ..
لەو قوتابییە گوندییانەی بە دەرگای شۆڕشدا تێدەپەڕن ..
بریندار بە ئاگری ئەڤینی کوێر ..

تۆ کێی؟
گوێم لە دەنگێ بوو لە ساراوە بۆم دەهات
وتم: با هەستم ئەوە دەنگی ئێوەیە هاوتەمەنەکانم !
دەیناسم وەك هەنگوێنی تاڵ بەسەر لێومەوەیە
دێتە ناوم، وەك گوللە لە دڵمدا،
خەونەکانم لە ژووری ڕۆژگارمدا ئازاد دەکا
ئەوە دەنگی تۆیە هاوتەمەنەکەم !
دەیناسم کە لە تەنیاییدا
لە گرتووخانەکانی پۆلیس ،
لەژێر قامچی غەواراندا دەناڵێنێ ..
چوون تۆ وەك سپێدەی ، پاراوی ..
وێنەی کەوانەی ماهی ،
لە چاوی دایکێکی عارەبیدا

وتم با هەستم ئەوە دەنگی تۆیە هاوزاکەم
هەستام، بە قەدەمشکاوییەوە هاتمە لات
نیگەرانیم دەمترسێنێ
چیت لێم دەوێ هاوزاکەم ؟
چیت لێم دەوێ نیگەرانیم ؟
من پیاوێکم بێ ناونیشان
شێتێکم لەسەردەمێکی شێتدا
سەرم لە زیندانەکانی دونیا داوە
لە شەڕدا لەگەڵ نەداراندا بووم
لە شەڕی ئەو مرۆڤانەدا بەشداربووم
بەدوای مەملەکەتی خوادا وێڵن
زۆر مردووم و هەستاومەتەوە ..
گوێم لە چەوساوان بووە بوونەتە لەشکر
ڕایانوەستاندووم و
لە بارەی لەشکری من لە ئێوەدا لێیان پرسیوم
ئایا ئێوە،
لە سەردەمی مرۆڤی دۆڕاودا
لەشکری منن؟
ئایا ئێوە لەشکری منن
لە سەردەمی نیشتیمانی داگیرکراودا ؟!

تۆ كێی؟
گوێم لێ بوو
دەنگێك لە ساراوە دێ
تۆ كێی؟
من ئەو سەربازەم
لە لەشكری زۆرلێكراواندا گەڕاومەتەوە
تۆ كێی؟
من ئەو عارەبە كوژراوە بێ لاوانەوەیەم
لە ڕۆژنامەكانی ڕۆژانەدا ..
وەرە لام، دەستت لەملم بكە !
ئەی هاوتەمەنی بكوژ و كوژراوم
با تۆی ئاشتی بچینە دەرەوە
گوڵ بدەینە لاوان
بەخۆشەویستی بەشەربێین
تا لە دڵی مرۆڤدا خۆشەویستی لەدایك بێ و
ئازادی بگاتە دڵی هەموو غەریبان .

---

(*) وشەی (نایل) جۆرێكە لە گۆرانی چۆلپەرستانی عارەب،
كە بە تایبەتی لە باشووری ئیراق دا باوە.

## فلیمێك له وێستگەیەكی شەمەندەفەردا

زستان، لە وێستگەیەكی شەمەندەفەردا
لە سەفەرێكی درێژ دەگەڕامەوە
خۆم دیتەوە
لە سالۆنێكی سینەمای ڕێبواران دانیشتووم ..
فلیمێك دەبینم، چیرۆكەكەی نازانم
پێش هاتنی من، دەستی پێ کردبوو ..
فلیمێك هەرگیز تەواو نابێ ..
گرینگ نییە لە کوێڕای دەبینی
چوون هەموو بەشەكانی، وەك خودی ژیان
دووبارە دەبنەوە..


قارەمان ماسکی دزان دەپۆشن .
لەشکر بۆ ئەوەی بگەنە شاریٚ ،
بەسەر شەختەدا هەڵمەت دێنن ..
گاڵتەجارِ بە پێش عارەبانان کەوتوون
ئەسپی شەکەت ڕایاندەکێشیٚ ..
پیاو بە باڵی مۆمییەوە
مەلە لە هەوادا دەکەن ..
زیندەوەر ڕێی سەیریان
لەژێر خۆری سووتێنەردا
بەرەو هەساران دەبڕن ..
تێیاندایە مرواریيیان دەدۆزێتەوە،
پاشان بزری دەکاتەوە
ئێمەش بە سەر چەرچەفانەوە
لەسەر پێخەفی موسافیران
لە ئوتێلێکی هەرزان بۆ شەوێك ،
خوێنمان لەبەر دەڕوا..

تەماشاکاری مردوو.. تەماشاکاری زیندوو
هەیە دێتە ژوورەوە، هەیە دەچێتە دەرەوە ..
هۆڵ هەمیشە تاریکە
فلیمەکەشمان بێ دیماهی هاتن بەردەوامە ..

## کەژاوەی بێدەنگ

دەستەکانم لە گیرفانی کون کونمدا ناوە ،
بە شەقامدا ڕادەبوورم
بینیمن بە دزیەوە، لەو دیو مینای چایخانە و مغازان
سەیرم دەکەن..
پاشان بە پەلەپروزێ دێنەدەرێ و دوام دەکەون .

بە ئەنقەست وەستام جگەرەیەك دابگیرسێنم
ئاوڕم لە دواوە دایەوە
وەك کەسێ بە پشتی
خۆی لە با دەپارێزێ ..
نیگاییێکم بۆ کەژاوەی بێدەنگ هاوێت:
دز، پاشا، بکوژ، پەیامبەر و شاعیر
لە هەموو شوێنێکەوە باز دەدەن و بەدوامەوەن،
چاوەڕێی ئاماژەییێکی منن..



سەرم بە سەرسڕمانەوە باداو
ڕێگەم گرتەبەر، فیکەشم لێ دەدا..
ئاوازی گۆرانییەکی باو
خۆم وانیشان دەدا دەور لە فلیمێکدا دەبینم
هەموو ئەوەی لەسەرمە بیکەم
تا کۆتاییە تاڵەکە، هەمیشە بەرەوپێش بڕۆم.

## له په‌نجه‌ره‌یه‌کی کراوه‌وه
## به‌سه‌ر شه‌قامێکی تاریکدا

له کاتێکدا چاوم له په‌نجه‌ره بڕیوه
گوێم بۆ ژاوه‌ژاوی داگیرکاران له شه‌قامدا هه‌ڵخستبوو ،
په‌یتوونه‌کانیان له تاریکیدا لێ ده‌خوڕی ..
کوڕوکاڵیان به‌دواوه بوو ده‌فیان لێ ده‌داو
کۆیله‌ی دیلیش زنجیربه‌ند ..
مۆته‌که په‌نا بۆ من دێنن
له ده‌رگای ماڵه‌که‌م ده‌ده‌ن:
جه‌للاد و قوربانییه‌که‌ی
پاشاو گاڵته‌جار و
نهێنیپارێزی ...

جەللاد دێ دەستی بەخوێنی
لەبەر لوولەی ئاوی مندا بشوا
قوربانیی دێ پیاڵەیێك فرمێسكی سوێری
پێشكەش دەكا ..
پاشا دێ عەرشی خۆی
لە باخچەی مندا هەڵدەدا.
گاڵتەجاڕ دێ یارییەكانیم پیشان دەدا
نهێنیپارێز نهێنی خۆیم بۆ دەدركێنێ ..

دوا مۆمم پێ دەكەم
شەو لەبەر پەنجەرە دەوەستم
زۆرن ئەوانەی پێش بەیانیدان
لە دەرگام دەدەن.

## پێك

هەرچەندە من مەست و خەمبارم و
توانای پەیڤینم نییە
دەستوورم پێ بدەن بۆ دواجار
پیاڵە بەرزکەمەوە و بخۆمەوە:

پێکی ئەو کوێرەی لە تاریکیدا دەبینێ
پێکی ئەو لاڵەی لەسەر چیا، لەگەڵ خوادا دەئاخڤێ ..
پێکی ئەو کەڕەی گوێ لە مۆسیقای ئەبەدیەت دەگرێ ..
پێکی ئەو شاعیرەی ئاگر لە خوداوەند دەدزێ .
پێکی خوا کە جاری دادێ دونیایەکی چاکتر دروست دەکا.
پێکی شەیتان کە گرەو دەدۆڕێنێ و دەگەڕێتەوە دۆزەخ .

پێكی دایك كە بەهەشتی لەژێر پێدایە .
پێكی ئەو برادەرەی ،
گەر كەڵەشێر سێ جارانیش بخوێنێ
خۆیمان لێ نەبان ناكا
پێكی شەیتان كە واسواسی ناخاتە دڵی خەڵكی
پێكی ئەو سێدارەیەی ،
سەر بۆ لەسێدارەدراو دادەنوێنێ .
پێكی ئەو جەللادەی،
خۆی دەداتە بەر قامچییان !
پێكی ئەو قوربانییەی ،
لە ئازار و ئەشكەنجەی خۆی ڕادەپەڕێ ..
پێكی ئەو پاسارییەی قەفەزی بەجێ دێڵێ
پێكی تاراوگە، كە ورەی پێ بەرنەداین ..

پێکی ئەو نیشتیمانەی ڕووباری بە بندا دەڕۆن
پێکی ئازادی تا هەتایێ ..
پێکی دونیای ملکی هەمووان
پێکی ئەو دەسەلاتدارانەی لە مۆزەخانان
بە پاسەوان دایاندەمەزرێنین !
پێکی ئەو درەختەی ،
ڕەگی لە قوولایی خاك دایە
پێکی مانگ
کە گوێ لە شکاتی عاشقان دەگرێ ..
پێکی خۆر لە سڕەی سەرمای شوباتدا .

پێكی ئەو هەسارانەی
هەر لە تەقینەوەی یەكەمەوە دەگرمێنن .
پێكی بەهەشتی سەرزەمین
پێكی دۆزەخ ،
كە دەرگای بە چیمەنتۆ دادەخەین ..
پێكی ڕابردوو، بیرەوەریەكانیمان بۆ دەگێڕێتەوە .
پێكی ئێستا وەك ڕووبارێ
لە شەقامان هەڵدەقوڵێ ..
پێكی ئەو ئایندەیەی ،
بێ پەیژە ، بۆی سەردەكەوین ..
پێكی ئەم ژیانە كورتە جوانە .

## قومارچی


جیهان لە پێش خۆتدا لەسەر سفرە دابنێ و
پارچە پارچە قومارێی پێ بکە ..!
قومار لەسەر خۆر و مانگ بکە !
ئەگەر دۆڕاندت ،
ڕوناهی ئەستێرانت بۆ دەمێنێتەوە .
قومار لە سەر درەختی دارستان و باخچان بکە !
ئەگەر دۆڕاندت ،
قومار لەسەر بیابان و دەریا بکە ..!
قومار لەسەر شار و گوند و شەقامان بکە !

هەمیشە ئەشکەوت و بنتاوێرم خۆشویستوون .
قومار لەسەر زێڕ و زیو بکە !
دەتوانی گەنجینەکانت پڕ لە خۆڵیش بکەی ..
قومار لەسەر خوداوەند بکە !
ئەگەر دۆڕاندت لانی کەم شەیتانت بۆ دەمێنێتەوە..
لە بەرابەر ژووری پڕ لە دووکەڵتدا
ئارام لێبڕاو دادەنیشێ چاوەڕێت دەکا ..
ئینجا بەیەکجاری قومار لەسەر هەمووشتێك بکە
چ باکتە ببەیەوە یا بدۆڕێنی ؟
مادەم دەزانی جارێکی دی.. تا کۆتایی
یارییەکە دەکەیتەوە .

## ئەگەر بچمە ناو ئەشکەوتێك

ئەگەر چوویتە ناو ئەشکەوتێك ،
مۆمێك لە دەروازەکەی داگیرسێنەو
چاوەڕێ بە ورچێك لە خەو هەڵدەستێ
تا سواری پشتی بی .
-: لەوانەیە برسی بێ و بمخوا ..
ئەگەر هەورێکت لە ئاسمان بینی
دەست بەرزکەوە سڵاو لە خۆر بکە !
کە بە کەلێنیاندا دزە دەکا .
-: ڕەنگە ڕۆیشتبێ و مانگی بۆ بەجێهێشتبم

ئەگەر لە دیماهی سەفەردا گەیشتیە شارێك
لە فراوانترین دەرگایدا برۆ ناوی !
-: دەشێ جەللاد چاوەڕێم بێ .
ئەگەر مرواریییەکت لە هەناوی ماسییەکدا دۆزیەوە
جارێکی تر تۆڕەکەت باوێوە ڕووبار !
-: لەوانەیە لافاو بێ و لەگەڵ خۆیم ڕابماڵێ ..
گەر بە لقی دارخورمایەك لە دەریادا پەڕییەوە
لە کەناردا بوەستەو چاوەڕێی ئەوانە بکە دوای تۆ دێن !
-: ڕەنگە کەشتییەك تێپەڕی بێ و سواری بووبم .



بەڵام جوامێر، ئەی کە گەیشتیە دیماهی چ دەکەی؟
-: ئاااه، لە سەرگیا پاڵ دەکەوم،
بۆ دواجار، چاو دەبڕمە،
ورچ لە ئاسمان و
شار کە دەروازەکانی دەکاتەوە و
ماسی لە ڕووبار و
کەشتی لە دەریادا
دوای ئەوەش چ دەبێ با ببێ .

## ئارمیشی پێچەوانە (*)

دێوێك هەبوو
پێیان دەگوت ئارمیشی پێچەوانە.
هەر داوایەکی لێت کردبا ،
پێچەوانەکەی دەکرد !
ئەگەر پێت گوتبا: بەرزم کەوە بۆ ئاسمان
بۆ زەوی شۆڕی دەکردیەوە!
ئەگەر تکات لێ کردبا: مەمکوژە !
شیری لە کالانێ هەڵدەکێشاو سەری دەپەڕاندی ..
داماو ئارمیشی پێچەوانە
پێشی هەمووان بۆی دەرکەوت
جیهان بەپێچەوانەوە بەڕێوە دەچێ!!

---

(*) یەکێکە لە قارەمانەکانی سەربردەی سەیف بن زی یەزن.

## نیگەرانی
## لە بارەی چارەنووسم لە بەهەشتدا

ئەوەی ئێستا زیاتر نیگەرانم دەکا
کە ژیانم ،
بە ڕاکردن
بەدوای وەهمدا لە بێن برد.
سەراب دوای سەراب..
تا وەناو سالاّن کەوتم..
کە ببیەم،
کەسێ بێ لە دەرگام بدا
تاکو ـ بێ ویستی خۆم ـ
لە پاداشتی ڕەفتارباشیم لە دونیادا ،
لەگەڵ خۆیم بباتە بەهەشت ..
تا فریشتان
لەبن داران ببینم
بە ڕاست و چەپ ڕیز دەبەستن و
هوتاف بەناوی من لێ دەدەن:
شاباش!
شاباش!

سەربڵند
وەك تاووسی پەڕبلاو
لەسەرخۆ ،
بەسەر فەرشی سووردا دەڕۆم ..
کە بە دوورو درێژی ڕاخستراوە .
دەف و تەپڵم بۆ لێدەدرێ
وێنەی ڕاکەرێکی سەرکەوتووی
یارییەکانی ئۆلۆمپیش ،
دەروێشە پیرۆزەکان
لەسەر شانیانم دادەنێن
بەرەو دیجلەیەك لە مەی و
فوراتێك لە هەنگوێنی شاخاوی ..
لەوێ غیلمانان دەبینین
دەفری زێڕین دەهێنن
تژی میوەی هەمەجوور
کەنیزەو حۆریش لە فلیمێکی پیرۆزدا
بێ پەردە ،
مێینەتیانمان پێشان دەدەن ..
شاباش!
شاباش!

بەلاّم من ڕازی نیم
هاوار دەکەم :
ئەمن!
کە ئەوەش دوورو نزیك
لەبارەی منەوە دەیزانن،
وەك هەموو عاقڵ و حەکیمان
وێسکی سکۆتلەندیم ،
لە مەی پیێ خۆشترە ..
وەك هەمیشەیش،
بەبۆنی هەنگوێنی لینج
گێژ دەبم..
لەوەش زیاتر
من بەڕاستی بێزار دەبم
هەموو کاتم بە سەرخۆشی ،
لە ئەبەدییەتدا بەسەربەرم ..

بەناو بەهەشتێکدا بسوورێمەوە
تەنانەت ئەگەر دەرگاکانی
لە زێڕو زوبەرجەدیش بێ
یا میوانەکانی ،
ئەو قەددیسانە بن
کە هەندێ جار
بەسەر ئاودا هاتبن و چووبن و
بەڕێشیان
ڕاوی شەیتانیان کردبێ ..

له دوایدا
گوێم لێیه له دەرگام دەدەن
منیش هاوار دەکەم :
له کاتێکدا گەیشتووەته ئێسقانم ...
من چ دەکەم له بەهەشت؟
ببمه برادەر!
بمبەره دۆزەخی گڕدار!
تا به بەختیاری و
به کەرامەت بژیم
لەوێ ،
تەنیا لەوێ
دەتوانم ئەوەی بنووسم
لەو شیعرانەی نەمنووسیون و
ناڕازی، داوای خۆم ،
دژ به هەموو
کلۆڵی و کوێرەوەری جیهان ،
عەرزی مەلەکوتی هەره بەرز بکەم .
شاباش!
شاباش!

## له ئەنتۆلۆژیای شیعری ژاپۆنی نوێوە

### درەخت

**شیعری: خاتوو کورا – ڕۆمیکۆ**

له درەختێکدا
درەختی تر هەیە هێشتا لەدایك نەبووه،
چڵەکانی ئێستا له بەر (با)دا دەلەرزن.

★

له تاقه ئاسمانێکی شیندا،
ئاسمانی شینی دی هەیە ..
هێشتا لەدایك نەبووه .
ئێستا باڵدارێك ئاسۆی تەی دەکا ..

لە جەستەییێکدا ،
جەستەی دی هەیە
هێشتا لەدایك نەبووە .
ئێستا منداڵدانی ،
خوێنی تازە دەگرێتەوە .

★

لە شارێکدا ،
شارێکی دیکە هەیە
هێشتا لەدایك نەبووەو
گۆڕەپانەکانی
ئێستا لە پێشمدا بەلادا دێن..

## سۆناتای 32

**شیعری: شۆنارتۆ-  تانیکاوە**

که لەسەر کورسی جیهان دادەنیشم ،
ئەو کورسییەی خاڵی نییە
ناکاو ون دەبم، پاشان هاوار دەکەم:
تەنیا وشە بە زیندوویی دەمینێتەوە.

★

خوداوەند بۆیەی دووڕوویيان
بەسەر ئاسماندا ڕژاند ..
چەندی هەوڵماندا لاسایی ڕەنگی ئاسمان بکەینەوە
تابلۆ و مرۆڤ دەمرن
بەتەنیا درەخت لە ڕووی ئاسماندا بەهێزە !

دەمەوێ لە ڤیستیڤاڵدا شایەد بم
چەندی لە گۆرانی چڕیندا بەردەوام بم
بەختیاری دێ درێژاییم بپێوێ .

★

کتێبی زەمەن دەخوێنمەوە
هیچ نەنووسراوە، چونکە هەمووی نووسراوە
بۆیە بە پرسیاران وەردەگەڕێمە دوێنێ..

## چوار هەزار ڕۆژ بە شەوەکانییانەوە

**شیعری: تامورا – ڕیئۆچی**

بۆئەوەی قەسیدەیەك لەدایك بێ ،
چار نییە دەبێ بکوژین
زۆر شت بکوژین کە خۆشمان دەوێ
بە گوللە... بە ژەهر بیانکوژین .

★

سەیری !
تەنیا لەبەرئەوەی
چوار هەزار ڕۆژمان بە شەوەکانییانەوە
لە ئاسمان ویست ،
زمانی چۆلەکە دەلەرزێ ..
بە گوللە کوشتمان .
بێدەنگی چوار هەزار شەو و ڕوناهی پشتی
چوار هەزار ڕۆژ
بێدەنگ بوون.

گویَ بگره!
تەنیا لەبەرئەوەی
لە هەر شارێك
پێویستیمان بەوە بوو
ئاسمان ببارێنی ،
پێویستیمان بە فڕنی کانزایی
بەسەر شۆستەی بەندەران لە هاویندا و
بە کانگایان ..
پێویستیمان بە فرمێسکی
منداڵێکی برسی بوو
کوشتمان .
خۆشەویستی چوار هەزار ڕۆژو
بەزەیی چوار هەزار شەو ..

ئەزبەری کە!
تەنێ لەبەرئەوەی
تەمەننای ترسی سەگێکی بەڕەڵڵاّمان کرد
ئەوەی دەبینێ ، ئێمە نایبینین ،
ئەوەی دەبیستێ، گوێمان لێی نابێ
بەژەهر کوشتمان..
خەیاڵدانی هەزار شەو و
یادگاری ساردی چوار هەزار ڕۆژ

★

بۆ ئەوەی قەسیدەیەك بنووسین ،
بێگومان دەبێ شتێکی گرانبەها بکوژین
ئەوە تاکە ڕێگەی زیندووکردنەوەی مردووانە
چار نییە دەبێ ئەو ڕێگەیە بگرین .

## که جوانتربووم

**شیعری: خاتوو نۆریکۆ – ئیباراکی**

که جوانتربووم،
زۆر شار دارِمان و
ئاسمانی شین
له شوێنێکی چاوەڕواننەکراودا دەرکەوت ..

★

که جوانتربووم ،
کەس دیارییەکی بەسۆزی نەدامێ
پیاوان له سلاّوی سەربازییان زیاتر نەدەزانی
دەڕۆیشتن و نیگا جوانەکانییان بەجێدەهێشت ..

که جوانتربووم ،
سەر بەتاڵ و
دڵ خاچ بوو
تەنێ ئەندامی جەستەم
ئەسمەرییان لێ
دەدرەوشایەوە..

★

که جوانتربووم ،
وڵاتەکەم لە شەڕدا شکا
شتێکی بڕوانەکردە !
قۆڵی کراسەکەمم هەڵکردبوو
بەناو شاری زەلیلدا سووڕامەوە .

که جوانتربووم ،
ڕادیۆ یەك بەخۆ
مۆسیقای جازی پەخش دەکرد
هەڵملووشی..
ئەو مۆسیقا ڕۆژئاواییە جوانەم هەڵلووشی..
سەرم سوڕا ..
وەك ئەوەی
پاش وازهێنانێکی زۆر
بۆ جگەرە گەڕابمەوە ..

کە جوانتربووم ،
دەبەنگ و بەدبەخت بووم
زۆر خەمۆك
بۆیە بڕیارمدا (ئەگەر بتوانم)
زۆر بژیم
وەك (ڕۆئۆ) ، باپیرەی فەڕەنسی
کە لە پیریدا
تابلۆی نایابی کێشان.

## له (فێدێریکۆ گارسیا لۆرکا)وه

ئەوەی لە ژیـانی شـاعیر و شـانۆنووس و شـێوەکاری ئیسـپانیایی فێدێریکۆ گارسیا لۆرکادا جێی ڕامانـە خۆڕسـکی و تێکەڵاویـەتی لەگەڵ دەوروبەر، حەزی لەگـەڕان بـوو، ئـەو گونـد و ئـەو گونـدی دەکرد، بە تایبەتی زۆر تێکەڵی قەرەجان دەبوو..

لۆرکا هەمیشە لە قاوەخانـەو چـایخانەکانەوە نـزیکتر بـوو، لـەناو هاوچین و هاوزەوقەکانی تاخەڵکی دیکە..

رافاییل ئەلبێرتی لە بارەی لۆرکاوە دەڵێ:

"لۆرکا بارگەیەکی کارەبایی لە شووشی و ناسکیدا لێ هەڵـدەقولا، گوێگرەکـانی دەخسـتنە کـەش و هەوایـەکی ئەفسـووناوی، کـە دەئاخڤی یا شیعری دەخوێندەوە یاخود دیمـەنێکی شـانۆیی نمـایش دەکرد یا گۆرانی دەگوت و پیـانۆی لێ دەدا بـە تـەواوی سـەرنجی ڕادەکێشان.." یان سالیناس کە حەوت ساڵانیش لە پێش لۆرکـاوە بوو هەمیشە دەیگوت: " لە ناوماندا دەدرەوشایەوە، ئێمەش لەوە زیاترمان لە دەست نەدەهات شوێنپێی هەڵبگرین.." .

لۆرکـا بێجگــە لــە شــیعرەکانی، بێجگــە لــەوەی پیــانۆژەنێکی کارامـەیش بوو، بە هەردوو شانۆیی (زەماوەندی خـوێن) و (مــاڵی برناردا ئالبا) زۆرتر ناسرا تاڕادەی ئەوەی چـووە ڕیـزی شانۆنووســە ناسراوەکانی ئیسپانیا..

لەلایەکی دی مەرگی لۆرکا لە خۆیدا تراژیدیاییەك بـوو ، کـە بـە گیانی خۆی، وێنەی شانۆییەکانی نووسییەوە کاتێ لە تەمــەنی 38 ساڵیدا لە سەروبەندی شەڕی ناوخۆی ئیسپانیادا تیرۆرکرا..

ئەوەی جێی سەرنجە لۆرکا پێش کوژرانی لە شیعرێکیدا (کە لەگەڵ ئەم چەند شیعرەدایە) بە هەناسەیەکی تاساوەوە پێشـبینی مــەرگی خۆی دەکا، پێشـبینی ئـەوەش دەکـا، تەرمەکـەی فـڕێ دەدرێ و نادۆزرێتەوە، کە لە دواییشدا هەروا کەوتەوە!!

## خوداحافیز

ئەگەر مردم
لێ گەڕێن بانیژەکە کراوە بێ !
منداڵەکە پرتەقاڵ دەخوا
(لە بانیژەکەمەوە دەیبینم) ..
جووتیار گەنم دەدروێتەوە
(لە بانیژەکەمەوە گوێم لێی دەبێ) ..
ئەگەر مردم ،
لێ گەڕێن با بانیژەکە کراوە بێ !

## بێ چاوی من

بێ چاوی من ڕۆحەکەم !
تۆ جوانی مانگ نابینی ..
بێ لێوی من گیانەکەم ،
لە تامی مەی، تامی ماچ نازانی
بێ دڵی من ،
ئەتۆ مردووی ..
لە کاتێکدا وشە دەمرێ ،
هەموو قووڵایی ئاوێنەکانت
سوودی چییە گیانی من ؟!

## ڕەنگەکان

مانگ بەسەر پاریسەوە
وەنەوشەییە ..
لە شاری مردوواندا
زەرد دەبێ .
ئەوەتا مانگێکی سەوز
لە هەموو ئەفسانەکاندا
ماهی تەونی جاڵجاڵۆکەیە ..
کولانکەی مینابەندی شکاو
بەسەر بیابانانیشدا
مانگ قووڵ و خوێناوی
لێ مانگی سپی ،
تاکە مانگی ڕاستینەیە
بەسەر گۆڕستانی
گوندە هێمنەکاندا دەدرەوشێتەوە ..

## شادی خەمبار

له هەموو شادییان خەمبارتر ،
ئەوەیە شاعیر بی !
هەموو خەمی دی
تەنانەت مەرگیش
بەهاییێکی نییە .

## گۆرانی گەشتوەرەکە

قورتوبە ،
تەنیاو دوورە دەستە
جوانووییەکی ڕەش
مانگێکی گەورە گەورە
لە هەگبەی زینیشدا زەیتوون ..
لەگەڵ ئەوەی ڕێگایش پێ دەزانم
هۆیەك نییە
بە دەشتاییدا، بە با
بگەمە قورتوبە ..

بروسکەیەکی ڕەش، مانگێکی سوور و
سمکوتتان لە بەرامبەر چاوی پاسەوانی
سەر قەڵای قورتوبە
ئای چەند درێژە ڕێگا ...
ئای جوانووی ئازام !
ئەوەتانێ مەرگ
پێش گەیشتن بە قورتوبە چاوەڕوانە
قورتوبە
دوورە دەست و تەنیایە..

**لێرەدا**

به برادەرەکانم بڵێن
من مردم
ئاو هێشتا
لەژێر موچڕکی دارستاندا ،
گۆرانی دەچڕێ ..
به برادەرەکانم بڵێن
من مردم
(سپیدار چۆن شەپۆل دەدەن
پەردەی لەریو!)
پێیان بڵێن چاوەکانم
بەکراوەیی مابوونەوە

جەستەم ،
لە دەسماڵێکی پیرۆزکراوی نەمرەوە
لوول درابوو ..
ئاه !
بە برادەرەکانم بڵێن
من مردم و
بێ نان و بێ ئەستێرە ڕۆیشتم.

## قەسیدەی گریان

بانیژەکەم داخست .
چوون من نامەوێ
گوێم لە گریان بێ
بەڵام...
لەودیو دیوارە خۆڵەمێشییەکاندا
لە گریان بەدەر
هیچ نابیستریێ ..
لەوێ ژمارەیەکی کەم فریشتە هەن
گۆرانی دەڵێن ..
لەوێ هەندێ سەگ هەن
دەوەڕن
هەزار کەمانچە
لە لەپی دەستەکانمدا دەکەون ..

لێ گریان ،
سەگێکی زلە
گریان ،
فریشتەیەکی گەورەیە ..
گریان
کەمانچەیەکی زەبەللاحە
گریان دەمی با دەگرێ
لە گریان بەدەر
هیچ شتێ نابیسترێ.

## پێشبینی مردنم

زانیم من کوژراوم
قاوەخانەکان گەڕان
گۆڕستانەکان ..
کەنیسەکان، بەرمیل و کۆگاکانیان کردەوە
سێ ئێسکە هەیکەلیان دزی
ددانە زێڕەکانی لێ بکەنەوە
منیان هەر نەدۆزیەوە
نەیاندۆزیمەوە ها؟
ئا.. ئا منیان نەدیتەوە ...!!

---

* ئەم شیعرانە لە سایتێکی تایبەت بە لۆرکا وەرگێڕدراون،
هەردوو شیعری (ڕەنگەکان و لێرەدا) یان لێ بترازێ،
کە لە (مختارات من الشعر العالمي) بە وەرگێڕانی پۆل شاوول،
بلاوکردنەوەی (دار الحداثة)ی بێرووت، چاپی یەکەم 1990 کراون بە کوردی.

## محەمەد ماغوت

- ڕێی ئاوریشم
- نیشتیمان بەسەر پێوە
- پەرەسێلکەی پەستی
- فڕۆکەیەك دەفڕێ
دوان دەنیشنەوە
- پەیژەی ئاگر کوژاندنەوە
- شەبەنگی فەڵەستینی

## ڕێی ئاوریشم

هەموو ڕۆژێ ،
شکۆیەکی نوێ و
شەرمەزارییەکی نوێ
لە نیشتیمانەکەمدا دەدۆزمەوە..
هەواڵ هەیە
سەری پێ بەرز دەبێتەوە
هەواڵیش هەیە فشاری خوێن..



وەڕس بووم ئەوەندەی
پەنا بۆ جگەرەو مەی و
دەرمانی هێورکەرەوەو
کەڵوەکانی بەخت ببەم..
خەیاڵفراوانی ،
دەمارەکانم دەپچڕێنێ
سنوورێکی دیار، یان ئەمینم
لەنێوان شکۆو شەرمەزاری
هیواو بێئومێدی،
شادی و خەم،
بەهارو پایز،
نێرو مێ،
مەرفوع و مەنسوب
لا نەماوە ..!

ئەوە ئێستاش
جوانترین قەسیدەم و
دوا قەسیدەم ،
لە گوێدا دەنێم
پەنجەشم لەسەر پەلاپیتکەیە
دڵنیام
چەند بازنەیەك دووکەڵ
بەرز دەبنەوە
وەك بڵێی
گوللەیەکی بەڕاستی بێ.

## نیشتیمان بەسەر پێوە

خەونی دێرینم ،
نیشتیمانێکی داگیرکراوە
ئازادی بکەم .
یا نیشتیمانێکی ون بووە
بیدۆزمەوە
سنووری،
بە پێی ڕووبەرو
ژمارەی دانیشتوان و
ڕووبارەکانی و
چالاکی چۆلەکەکانی و
ڕێبواری ڕێگاکانی و
ئەوانەی لە ئاسمانیدا،
بەنزین تێدەکەن
کورت و درێژ دەبێتەوە..

نیشتیمانم
ئەوەی ڕێبوار،
ئاوی لێ دەخۆنەوەو
نەخۆشی لێ چاك دەبنەوەو
درەختی ڕووتی لێ گوڵ دەگرن
تەنانەت،
پێش داهاتنی بەهاریش.

ئەی کتێبە دێرینەکان !
پێم بڵێن!
چی لە دانراوە خاکییەکانم هات؟
ماوەیەکی زۆر بە نووسینیانەوە
ماندوو بووم
دەمەوێ بزانم
چییان بەسەرهات و
لەسەر چ ڕەفەیەك پاڵ کەوتوون ؟

## پەڕەسێلکەی پەستی

هەڵەکانم ژەنگیان هەڵێنا..
بە پیتێك یا جوولەیەك ،
داوای لێبوردنم نەکرد..
لای من هەموو شتێك
کۆن و بەکارهێنراوە،
ماڵ، دیوار، پەردە، جل و بەرگ
شەپقە، مەی
فرمێسك و شڵەژانی گوڵان،
کە پایز بەسەریاندا دەدا
ئاڵۆزی قسان نەبێ
کاتێ کردار پاڵپشتی دەکا
هەروا کە مەرگ
لە یەکێك لە خەونەکانمدا بۆم دێ،
وەسیەتم بۆ نیشتیمانم
بۆ یەکەمین ڕێگر کرد!

بەڵاّم بۆ کرداری ڕەنگاوڕەنگم،
وەسیەتم بە زەرد بۆ پاییزو
بە کەسك بۆ بەهارو
بە شین بۆ دەریاو
بە بۆر بۆ هەورو
بە ڕەش بۆ گۆرانی و
لێکدابڕان و جودایی کرد.

**فڕۆكەیەك دەفڕێ**
**دووان دەنیشنەوە ..**

دوو فڕۆکە دەنیشنەوە
پۆلی کار،
شوێن و کار
بە درێژایی ڕۆژێ
ئاڵوگۆڕ دەکەن...
ئوتێل و شانۆ و پێشەنگاو
چایخانەو مەیخانەو ئۆتۆمبێل و
پایسکل و بەرزە پردو
تەلەفۆنی زەمینی و مۆبایل
کە جیهان دادەگرێ و
ئەنتێناو سێنی وەرگرتن
سەربان و بانیژان دادەپۆشێ..

بەلاّم ئەوەی
لە بەرمیلی زبڵی
ئۆتێل و باڵوێزخانەکان ،
لەبەرماوەدا فڕێ دەدرێ ..
بەشی پێنج سوپایان دەکا !
لەچەند بەرەیەکی جەنگدا..
یەکێك لەو بەرمیلانە
ڕاکێشانێکی نەتەوەیی،
بەڵکو شۆڤێنی ڕایکێشام
لەگەڵ یەکەمین پاروودا
بە یەکێکیانەوە نووسام
وێنەی بەرخێکی شیرەخۆرە
بە مەڕی دایکییەوە دەنووسێ
لەگەڵ ئەوەشدا
بە مەتر لەژێر هێڵی هەژاری دام ..
خەریکن نیشتیمانەکەم دەدزن .

## پەیژەی ئاگرکوژاندنەوە

پاش ئەو هەموو ناووبانگ و
فراوانی بڵاوبوونەوەو
هاتووچوو
بۆ ئەوپەڕی دونیایێ ..
پاش
ئەو هەموو
کۆڕو دیدارو ئیمزای ئۆتۆگرافان و
هەستان و دانیشتنەوە
لەسەر سەکۆو
چەپلەی بەردەوام...
پاش ئەو خەڵات و میدالیا
ئەدەبی و شانۆیی و ڕۆژنامەنووسییانە،

ڕووبەڕوو
لەبەردەم
شمشێری بن لادن و
بۆمبای ئەبو سەییاف و
کێردی ڕابیح بیتات و
تەوری ئەبو قوتابە و
خەنجەری ئەبابەکری باعاشیرو
سێدارەی ڕژێمان،
کۆتاییم دێ..
ئینجا تۆیش ئازادی
ئەو مردنە هەڵبژێرە کە دەتەوێ!!
ئەگەر دووربین و نیشتیمانبین بی ،
وەختی خۆرئاوابوونێ ..

## شەبەنگی فەڵەستینی

شمشێر لە دیمەشق ،
مل لە لوبنان .
بەزین لە فەڵەستین ،
وەخۆڕاهاتن لە ئێران .
برسییەتی لە سۆدان ،
باروبوو بۆ سعوودییە .
کل لە یەمەن ،
چاو لە ئەردەن .
بەهار لە غۆتە ،
پایز لە قاسییون .
تەپڵ لە حرسەتا
زەماوەند لە دۆما ..
ڕۆژگاری قارەمانییەتی و
دروشم بەسەرچوون..

ڕۆژگاری قارەمانییەتی و
دروشم هاتن..
ڕۆژگاری
پاكانەو خیانەت  هات ..
لەگەڵ ئەوەشدا ،
پێكەنینی منداڵان و
جریوەی باڵندان،
بە سندووقان..
بە شان..
وەك ئامرازی ڕاو و
جوانكاری
بۆ خێوەتگا زلەكانی
مەلیك و میران
لە شوێنێكەوە
دەبرێنە شوێنێكی دی .

## لێمان بپرسن
**نەجیب سرور**

گومان لە مردنیدا نەبوو ..
ئەی ئەو دێوەی بەهۆی چەترێ
بەربوویتەوە سەر خاکەکەم !
ئەی ئەو دێوەی زارت کردوەتەوە و،
گڕ بەسەر هەموو خۆشەویستان دەبارێنی ..
ئابڕوی گرانم .. منداڵەکانم.. خاکەکەم ..
ڕابردوو و مێژووم ..
هەر دەبووایە بمرێ ..
چونکە من،
نە لە دەریادا پەڕیمەوە تا بێمە لای تۆ
نە لە ئاسمانیش بەسەرتدا بەربوومەوە ..

من دڵپاکم، وەك چۆن ولاّتەکەیشم پاکە
ولاّتەکەم.. ئەو دایکەی ناکامییان دەدۆشێ ..
ئەی ئەو دێوەی بەهۆی چەترێ ،
بەربوویتەوە سەر خاکەکەم !
لە برینەکانمان بپرسن کە چۆن هاتین ؟!
لەو دەستانە بپرسن، کە مردن و چەکیان نەگرت ..
چۆن چوینە ناو ڕۆژگارە ناخۆشەکانەوەو
بست بە بست بەدوای مردنەوە دەبووین و
هەنگاوێ لەنێوان گۆڕەکانمانا نەما
لە شەهیدێکەوە بۆ شەهیدێکی دی..
ئا.. ئێمە ڕۆژێ لە ڕۆژان بەو جۆرە هاتین..
ئەو ڕۆژە لە بیر ناچێتەوە
کەواتە یادی بکەن !
منالّەکانیشتان فێر بکەن، یادی بکەنەوە..!

**ئەحمەدی شاملو**

## (1) ئاسۆی ڕووناك

ڕۆژێ ئێمە دووبارە کۆترەکانمان
دەبینینەوەو
میهرەبانی،
دەستی جوانی دەگرێتەوە ..
ڕۆژێ کە کەمترین سروود ماچەو
هەر مرۆڤێ،
بۆ ئەوەی دی برایە،
ڕۆژێ کە چیتر
دەرگای ماڵەکانیان داناخەن
قفڵ شتێکی ئەفسانەییەو
بەتەنیا دڵ بەسە بۆ ژیان ..

ڕۆژێ مانای هەر پەیڤێ
خۆشویستنە
تاکو تۆ بۆ پیتی دوایی
بە دوای وشەدا نەگەڕێی ..
ڕۆژێ ئاهەنگی هەر پیتێ ژیانە
من بۆ دوا شیعرم
بۆ گەڕان بە دوای سەروایێ ،
ڕەنج نەکێشم
بەدوای سەروادا نەگەڕێم..
ڕۆژێ کە هەر لێوێ
سترانێکە
تا کەمترین سروود ماچ بێ
ڕۆژێ کە تۆ بێی،
بە یەکجاری بێی و
میهرەبانی ،
هاوتای جوانی بێ
دووبارە دان بدەینەوە کۆترەکانمان..

منیش تا مردن
چاوەڕێی ئەو ڕۆژە دەکەم .



## وتی (2)

وتی: دێم
بەیانی دا و نەهات..
نەهات و
نایەوێ بێ..
بەم شێوەیە ئەو،
هیچ پەیمانێکی نەبەست
نەیشکاندبێ..
ئەو هیچ کاتێ نەسووتاوە
تا مانای سووتان بزانێ..
هیچ وەختێ دەردی نەدیوە
تا بزانێ دەرد چییە..
ئەو هەرگیز لە چاوەڕوانیدا نەبووە
تا لە تاڵیی چاوەڕوانی باخەبەر بێ.

## پرۆفایلی شارێك

**عەبدولوەهاب بەیاتی**

گۆڕستانێك ، گۆڕستانێكی دی بەسەرەوەیە
نێوانیان ،
خۆشەویستی، مەرگ، ئادەمزادی زیندوو
سواڵكەرو هەبوویيە چاوچنۆكەكان. .
گەر پڕ بە زار هاوار بكەی،
دەنگەكە دێتەوە (*)
لە هەناسەی مردووان و
كۆكەی زستانی ساڵاندا هەڵكێشراوە . .

گەر بتەوێ ڕابکەی،
فرۆشیارو چەرچییە تەڵەکەبازەکان دوات دەکەون
لەو گۆڕستانە گەورەیەدا ،
لەو بیابانەدا
خوداوەندی شیعر سەربڕان و
شاعیریش لە مەیخانەدا مرد.

(*) بە پێی تێکستی ئەسڵی من ئەمەم پێ لە (دەنگدانەوە) ڕاستتربوو.

**یانیس ریتسۆس**

## (1) چەند چرۆیەکی ناوەخت

چیتری لە تواناداا نەما..
بێنی تەنگ بوو...
ویستی هاوار بکا...
کەس نەبوو گوێی لێ بگرێ..
کەس نایەوێ، گوێ بگرێ..
ئەویش لە دەنگی خۆی دەترساو
هەر دەیخستەوە هەناوان ..
بێدەنگی ئەو، دەتەقیەوە..

پارچەی جەستەی لە هەوادا پەرش بوون..
بە میهرەوە..
بێ هەست و خوست کۆیان دەکاتەوە..
دەیانگەڕێنێتەوە شوێنی خۆیان و
کەلەبەرەکانیان پێ پڕ دەکاتەوە ..
گەر گوڵە سوێسن و بەیبوونێکی دی ،
ئەوانیش کۆدەکاتەوەو دەیانخاتە جەستەیەوە..
وەکو ئەوەی بەشێك بن لێی..
ئا بەم چەشنە کون کون ببوو..
بەم شێوە سەیرەیش چرۆی دەرکرد بوو..

## هەروایی (2)

هەروایی
بە دەرزی و داوێکی ئەستوورەوە
دوگمەی چاکەتەکەی دەدوریوەو
بەخۆیدا دەگۆ :
نانەکەتت خواردووە؟
تێر نووستوی؟
دەتتوانی بئاخڤێی؟
دەتتوانی باسکەکانت درێژ بکەی؟
لەبیرت بوو لە پەنجەرەوە بڕوانی؟
کە گوێت لە تەقەی دەرگا بوو
زەردەمسکە بوویەوە؟
ئەگەر هەمیشە مردن بێ،
ئەوە لە دواییدا هەردێ
هەر ئازادییە تا هەتا
لە پێشەوەی هەموو شتێکە.

## نامەیەك بۆ دایكم

**سێرگی یەسەنین**

هێشتا ماوی پیرەژنەکەم؟
هێشتا؟
سلاوت لێ بێ، سلاو
خۆری تاقانەی ئێوارانت
بەسەر ماڵێدا بباریٚ...
بۆم دەنووسن :
تۆ نیگەرانیی و خۆت دەخۆیتەوە و
زۆرم لە خەم دای و
زۆر جار بە باڵتۆ دڕاوەکەتەوە
دەچیتە سەر ڕێگا ..



بۆم دەنووسن،
بە تەنیا خەونێکی
تاریکایی ئێوارەیەکی ڕەش
وات لێ دەکا دڵنیا و سووربی ،
وەك بڵێی
کەسێك لە دەمەقاڵێیەکی مەیخانەدا خەنجەری
لە دڵمدا دەچەقێنێ !

شتی وا نییە قەدەرگرانیێ من !
دڵنیابە!
ئەوە لە وڕێنەیەکی دزێو
بەدەر نییە ..
من ئەو بەدمەستە ڕەزاگرانە نیم
بەرلەوەی بتبینمەوە بمرم..
هەر لەسەر پەیمانی جارانم
بەسۆز..
تەنیا خەون بە شتێکەوە دەبینم
زووتر بەرەو ماڵە بچکۆلەکەمان
بگەڕێمەوە و
لەو خەمۆکییە ڕاماڵە هەڵبێم ..

دەگەڕێمەوە
کە چڵ و پۆپ
لە باخچەی سپی بەهارماندا
هەڵدەکشێن..
بەڵام نابێ دایە
لەگەڵ کازیوەدا
خەبەرم بکەیتەوە
وەك پێش هەشت ساڵان دەتکرد ..

لە خەونە ون بووەکانم
بە ئاگام مەهێنە!
ئەوانەم لەلادا مەوروژێنە
بەدی نەهاتوون..

من هەر زوو، زۆر زوو
دەبووایە ،
ماندوویەتی و ون بوون
تاقی بکەمەوە..
فێری نوێژیشم مەکە دایە
پێویست ناکا
گەڕانەوە بۆ دواوە نییە .
تۆ،
تەنیا تۆی یارمەتیدەرو
شادی بۆ من..
بە تەنیا تۆی
ڕوناهی ئەفسووناویم .

کەواتە نیگەرانیی خۆت
لەبیرکە دایە!
خەمم زۆر بۆ مەخۆ
تکایە ئیدی
نەیەیتە سەر ڕێ
بە باڵتۆ شڕە کۆنەکەت...

## ئەم مرۆڤە گۆرانی دەڵێت

**س. ج. درايفز ردى**

ئەو پیاوە پاڵەوان نییە.. لەوانەیە شێت بێ..
کەوایە.. بێ سوپاس ، بێ نووشتانەوە..
لە دوعاو پاڕانەوەمان ڕەت کرد..
دەست پانکردنەوەکانمان هاوار دەکەن..
بە بەرزییەکی لە ڕادەبەدەر هاوار دەکەن..
لە کاتێکدا پیاوێك بەتەنها بەرەو مردن دەچێت و..
لە سووکە کەوتنێکا، ڕێگای خۆی شەق دەکا..
لە تاریکی چاوە بەستراوەکانییەوە، بەرەو تاریکی گۆڕ!
لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەتا گۆرانی دەڵێ..
گۆرانی دەڵێ و دەشمرێ..

هەموومان پەیمانێکی تاکەکەسی،
لەگەڵ تاریکیدا دەبەستین،
مردن لەبەرچاوی زیندوواندا ناخۆش دەکا..
تا بە هالاّوی گڕی دەتوانیّ، دڕندەی زێڕین
هەڵلوشیّ..
تا بواری بۆنی گۆشتی سووتاو بدات..
بسووتیّ و لێشاوی خەڵك بەرەو دەرگا بێنیّ
جیّ چاوەڕوانی هاونیشتیمانییە،
بێدەنگ و خواستەکان..
لەگەڵ ئەوەی گۆرانی دەڵێن..
ئەویش دەمریّ..

من جوانییەك لەوەدا نابینم
بەلاّم پیاوەکە مرۆڤێکی تەواوە..
تا ژێی دەنگی دەخنکێنیّ ..
هەردەبیّ گۆرانی بۆ تاریکایی شەوی بلێّت..
هەر دەبیّ..

ئاگر لە کەللەیدا مەشخەڵێکی سپی بوو..
مردنیش
نابێ بە دوو..
لەگەڵ ئەوەشدا گۆرانی دەگوت و دەشمرد..

## لە شیعری نوێی ئەڤغانییەوە:

**ئەلیاسی عەلەوی**

### (1) بە پێڵاوی لۆکەوە

بە پێڵاوی لۆکەو
باڵتۆی سەوزەوە،
لەسەر پەیژەکە دانیشتووی ..
لە گۆناتا ڕاماوە،
بێ پێڵووبزاوتێك
هەناسەت،
چایەکی گەرمە ،
بۆ ڕێبوارانی ماندووی ڕۆژئاوابوون ..
تۆ دەڕۆی
جوانیشت
لەسەر پەیژە دانیشتووە.

## (2) له دەساڵیدا كۆتاییم پێ هات

برسیم،
وەك قورئانێك
هەزار ساڵە،
دەلاقە دەبوغزێنێ..
تینووم و
(عەباس) یش
هەموو ئاوەكەی
بۆخۆی دەویست !

پێستی سکم
بە ئێسقانی پشتمەوە نووساوە ..
سیمای براشم
لە هی من خراپترە ..
من تێکشکاوم
وێنەی (کابول)ی دایکم و
(بوزا)ی باوکم ..
تەماشای هەنییەم کە !
من وەك ئەو سپییەتی و ڕەشاییە ،
لە بەردامە کۆتاییم پێ بێ ..

## هەناری قەندەهاریٚ
## نموونە لە شیعری ( لاندای) ئەڤغانییەوە

(لاندای) شیعری میللی زۆر کورتن و تایبــەتن بــە ژنــانی پشــتۆن ..لاندای دەچێتەوە خانەی شیعری ئازاد ، لە دوو بەیت پێــك دێ ، بەیتی یەکەم 9 بڕگەیە و بەیتی دووەمی 13 بڕگە و پەیوەست نــین بە سەروا ، بەلاّم مۆسیقایەکی بەهێز لە ناو خۆیاندا دەردەخەن.
ڕەگــی ئــەم شــێوازە شــیعرە زیــاتر لــە باشــووری ڕۆژهــەلاّتی ئەفغانســـتانەوە سەرچــاوەی گرتــووە، بــێ ئــەوەی خــاوەنێکی دیاریکراوی هەبێت بەڵکو زیاتر کچ و ژنانی لادێ لە کاتی شایی و ئاهەنگ و بۆنەی تایبەتیــدا دەیڵــێن.... تاڕادەیــەك لــە گۆرانیــە فۆلکلۆرییەکانی کورد دەچن ، ئەوەندە هەیە (لاندای) تایبەتــە بــە ژنان و پیاوان نایچڕن .
ئەوەی تایبەتایەتی دی بە ( لاندای )داوە ئەو ئــازادی و بوێرییەیــە لە دەربڕینــدا لــە ولاّتێکــی تــژی کوشــتن و بــڕین و بالاّپۆشــیی و حەرامکردن و تەکفیر.(*)

(1)

وەرە

وەرە ببە بە گوڵێك لەسەر سینەمدا

تا هەموو سپێدان بە خەندەیەك بتبوژێنمەوە.

(2)

دار خڕ دەکەمەوە و ئاگر دەکەمەوە

من ڕاهاتووم جەستەم

لە ڕوناهیدا پێشکێش بکەم .

(3)

بە خۆم دەمت دەدەمێ

بۆ پاڵت بە گۆزەکەمەوە نا

ئەوەتا تەڕ بووم .

(4)

لە پشتی دەرگاوە

مەمکی خۆم بە ڕووتی دەشێلا

کە سەرنجت دەدام .

(5)
من خۆم دەمم پێ بەخشی
ئەو یارییەت لە چی
بە دوای کەلێنی ئاوەڵکراسەکەمدا دەگەڕێی ؟

(6)
فێر بە چۆن دەمم هەڵدەلووشی :
یەکەم لێوت خاو کەوە
پاشان بە میهرەبانییەوە
خەتی ددانانم ببڕە .

(7)
جارێ با بێمە ناو باڵەکانت
پاشان لە باوەشم بگرە
ئەو جار دەتوانی
خۆت بە ڕانی ئاوریشمیم بنووسێنی .

(8)
چیت ویست کردت
سەرپۆشەکەم بەسەر دادەوە ، بنووم .

(9)

ئاوەڵکراسی سوورم لە ڕەنگی ئاگرە
بەسەر ڕانمدا شۆڕ دەبێتەوە ..
دڵم پێم دەڵێ
ئەمشەو یا لەوانەیە سبەی
تۆ لە ماڵم دەبی .

(10)

خۆشەویستەکەم دەیەوێ
زمانم لە زاریدا بێڵێتەوە..
بۆ لەززەت نا
بۆ ئەوەی هەژمووونی خۆیم بەسەردا بسەپێنێ .

(11)

دۆستم دەیەوێ لە ناو لق وپۆپی دارتووەکە ماچی بکەم
منیش لەم چڵەوە بۆ ئەم چڵ تا دەممی بدەمێ
خۆم هەڵداوێم .

(12)

به دزییه‌وه ده‌سووتێم
به دزی ده‌گریم
ئه‌من ، ئافره‌تی پشتۆنی
ناتوانێ خۆشه‌ویستی خۆی ده‌رببڕێ .

(13)

خودایه
دیسان شه‌وی درێژی خه‌مبارت داهات
ئه‌وه‌تا (گوولە)ش ده‌نوێ .

(14)

خودای گه‌وره‌ی نه‌فیکراوان
تاکه‌ی ژیان
له‌م ده‌شتاییه وشکه‌ڵانانه .

(15)

خۆم به جلوبه‌رگه کۆنه‌کانم ڕازانده‌وه
وه‌ك باخچه‌یه‌کی به گوڵ له گوندێکی وێراندا .

(16)

شێت دەبم
وەختێ بە لای گۆڕی چاکێکدا تێدەپەڕم
بەرد بۆ هەموو ئاواتە بەدینەهاتوەکانم داوێم .

(17)

سبەی
عاشقە برسییەکانم تێر دەبن
چون من بە سیمایەکی ماندوو و
قژێکی بەر با
بە گوندیدا تێدەپەڕم .

(18)

گوڵێکم لە دەستدایە سیس دەبێ
نازانم لەم خاکە غەریبەدا بیدەم  بە کێ ؟

(19)

دەستت هێمن بە لەپی دەستمدا بێنە
کە هەنار گوڵی گرت پێدەگا .

(20)

دەستت لەسەرخۆ
بخەرە ژێر کراسەکەم
هەناری قەندەهارێ
گوڵی گرتوەو پێگەییوە .

---

( ❊ ) بۆ سەرچاوەی شیعرە(لاندای)یەکان بڕوانە: هەردوو لینکی خوارەوە

1 - http://archive.aawsat.com/details.asp?issueno=8800&article=
2 -https://www.goodreads.com/review/show/35395256
154140#.VtXmLkDRZ0x 2014

هەروەها ڕۆژنامەی ( الوطن ) ژمارەی ڕۆژی 8-4-2014



مەعسوومەی مووسەوی

## پەنجەرەیەك بەسەر شەقامەوە

پەنجەرەیەك بەسەر شەقامەوە ..
پەنجەرەیەك بەسەر قوتابخانەوە..
پەنجەرەیەك بەسەر،
دارو درەختی ماڵە هاوسێمان..
تاریکی ماڵمانی بەجێهێشت
وەختی ڕابوونە
لە خەوی دوورو درێژو
شوشتنی دەستی بۆرو
بێگومان خواردنەوەی پیاڵە چایەك و
چوونە کێڵگە داهات.

ئێستا وەرزی ڕواندنە،
(سارا) دەچێتە باخچەی منداڵان..
(یوسف) دەچێتە قوتابخانە..
بەڵام کاکە ئیسماعیل،
کاکە سمایل
لە حەفت ساڵیدا
کتێبەکانییان سووتاندو
قەڵەمەکەیان شکاند..
ئەمڕۆ کە دەچووە باخچە
دەنکەکانی دڵی لە خاکی باپیری بچێنێ ،
بە تفەنگ دەیانووسی.
کاکە سمایل
دارێکی بەساڵاچووە ..
باڵداران خۆشیان دەوێ .

## خۆم دەكوژم !

سەيد ئەبو تاڵیبــی مزەفەری

خۆشەویستم !
لە دوا ئیمێلتدا نووسیوتە
لەم ڕۆژانەدا
لە سنووری یۆنانستانی .
نووسیوتە:
لەگەڵ کەشتییەوانە سەرخۆشەکان
ڕێك دەکەوی و
لە قاچاخچییەکانی مرۆڤ دەپاڕێیتەوەو
مێینەتیت هەمووی
خستۆتە مەزاتەوە ..

تا هەرچی زووترە بتبەنە دوور و دوورتر
لە تارماییەکدا ،
کە ناوی نیشتیمانە ..
داوات کردووە
قەسیدەیەك بنووسم
ببێتە تریاکی گەستنی
ئەوانەی هاوڕێگاتن .

خۆشەویستم !
داخۆ نووکە بیر لە تۆ بکەمەوە ،
یا برینە ئاودزبووەکانی کابوول ؟

یان ئەو کرمانەی،
بە پێمدا هەڵدەگەڕێن ،
بەدوای ئەوەن
جەستەم هەڵدڕن ؟
کە وەك جەنازەیەکە
خەریك بێ پێوەی گیرۆدە بێ و
گۆڕهەڵکەن هەڵەیان
لە وادەی ناشتنیدا کردبێ..

ئەتۆی موسافیری ناچاری ،
لە باهۆزێکی غەریبایەتیدا ..
منیش بوونەوەری ناچاری
ئەو خۆڵە سەرسوڕهێنەرە..
غەریبێك لێرە، غەریبێك لەوێ
وەك بڵێی دونیا
بەرگەی جەنجاڵی غەریبان ناگرێ
کە با، هەر گەڵایەکی ئێمە
بەلایەکدا داوێ..

خۆشەویستم !
سێ مانگ دەبێ
من لە مۆتەکەکانمدا
پێم لەسەر مشکاندا دەنێم
خەون دەبینم شارەکەم
لەسەر شارەمێرووڵەیەك هەڵنراوە !
گوێم لەدەنگی تەورە
بەدوای سەرمدا دەگەڕێن و
لە قووڵایی بوونمدا
بەشێوەیەکی گومانلێکراو هەڵدەکەنن..

ڕۆژگار سەیرە،
بەدوای ماڵێکی ئاسوودەو
کوچەکانی دۆڵی (برشی)
بەو ڕێگاوبانانەدا دەسووڕێمەوە،
بەدوای کونەمشکە قرتێنەرەکانەوە..
پاشان بەم زووانە
ڕۆژێك، لەم ڕۆژانەدا دەمگرن
بەتاوانی ئەوەی
من خۆکوژم !!
بە تاوانی ئەوەی شاعیرم و
لە ئێرانەوە هاتووم و
وشەی بێگانەم بە زمانەوەیە..
شارەزایانی زمان پێیان وتم:
تێبینیان کردووە
زمانی قسەکردنت
خڵت و خاڵی زۆری تێدایە..

خۆشەویستم !
هیچ گۆرانییەکم لە قوڕگداو
ڕەنگم لە چاودا نەماوە..
قەوارەم دەتەقێننەوە
وەك ئەوەی پەیکەرەکانی (بامیان)
دەتەقێننەوە ..
پیتەکانم بە تالآن دەبەن
وەك تابلێتە بەردینەکانی
گۆڕستانی (کازرکاھ)ی بوھرات..
وشەکانم یەك بەدوای یەك دەدزن
وەك لایەکی دەروازەی
گۆڕی ناسر خەسرەو لە (بەدخشان)
لایلایەی دایکم و
ئاوازی باوکم، کە شانامەی دەخوێندەوە ،
ئەفسانەکانی ولآتەکەم دەدزن
ئەدی زمان ماڵی بوون نییە؟

بەم نزیکانە
ڕۆژێ لە ڕۆژان
پیاوێکی ئاسایشی نیشتیمانی دێت و
بە تاوانی (کردەوەیەکی خۆکوژی
بە وشەی فارسی)
بەرەو بەندیخانەی (بلکرام)م دەبا
دەفتەری شیعرەکانم دەبەن و
دەڵێن لێت نووسیوە (بەلخ) ،
نووسیوتە شیراز ..
نووسیوتە مەولانا ..
نووسیوتە شەمس ..
خۆم بە پشتێنیەکی وشەڕێژکراو دەکوژم !
بە بۆمبای سەروا ،
بە ڕەگەزەکانی شیعرو چیرۆك ..
هێشتا وەخت ماوە
بە بارهەڵگرێکی پڕ لە شیعر
خۆم بە وەزارەتی ڕۆشنبیری دا بدەم .


با لەوە گەڕێین خۆشەویستم !
بمبورە گوێت پێ نادەم و
شیعری دڵداریت بۆ نانووسم
من شیعرو گۆرانیم لەبیر چووەتەوە
دەمم خوێنی لەبەر دەڕوا
ناکرێ بە دەمی بەخوێنەوە
باسی خۆشەویستی بکرێ..

بیستم کەشتییەك
لە کەنارەکانی ئوستورالیا تێکشکاوە..
خۆشەویستم !
لە نیشتیمان مەپرسە
مشك خواردیان..
تا دڵنیاشت بکەمەوە
گەر هەندێ چەو لە پەقرەجێك بکەی و
ڕایوەشێنی ،
ئەنجام
دەبێتە ئەڤغانستان ..
دوای ئەمڕۆ
هیچ سوودێك
لەو درەختە پیرۆزەدا نییە
کرم بە بەتاڵی بەجێی هێشتوون...

**زوهرە سەعید**

## قەندەهار (1)

یان بە چاکی ڕەفتار دەکەی،
یان داوا لە ئەسکەندەری نووستو دەکرێ
سییەکانت دەربێنێ !



قەندەهار
ئەویٚ ڕۆژیٚ
کلۆیەك شەکر بوو ..
قبوڵی نەدەکرد ،
لە دەریادا بتوێتەوە .
لە سەرکێشیی خۆی بوو بە شار .

ئەسکەندەر، بە ساویلکەییەوە
وتی:
(ئەم خاکە بۆ منە)

ئەودەم خاك لە قاقای داو
ژنێکی بۆ هێنا،
ڕۆکشانا (یا گەر پێت خۆش بێ ڕۆکسانا)
ئەو ژنە قبوڵی نەکرد
لە دەریای ئەودا بتوێتەوە ..
ڕۆژی دواتر ،
دەزانین خۆری هەڵایساو
چۆنی دۆزییەوەو
چۆن سەرینێکی بە نەخش و نیگار چێنراو
دوایی بە ژیانی هێنا.

چیاکان
سەرین و
سێ تنۆك خوێنی ئەسکەندەریان
لای خۆیان گل دایەوە.
دوای ئەو تیرۆرە بەلەزەتە ،
ئەستەم بوو قەندەهار
ببێتە ئەسکەندەریە .

## کابوول (2)

له حەقیقەتدا
کابوول بولبولێکە
بولبولێك له بەرگی شارێکدا
خۆی حەشار داوه ..
که هەندێ له گەڕەکەکانی
بەسەریەکدا کەڵەکە بووه
شەوی ،
چاوترووکانی برژانگی ..
ژنانی پێست بادەمی و
چاو له نوێشك
پیاوان له درەختی نهێنیدا
دەکەنەوه ..
که به قووڵیی لەناوکی نهالەکەدا دەڕۆین ..

چیاکان ،
بڕبڕەی پشت ،
بۆ ئەو ژنانە دەتراشن
بۆیە کە سەما دەکەن
هەرگیز سەریان دانانوێنن .

## ڕابندرانات تاگوور

- گۆرانییەکەم
- منداڵی فریشە
- لەسەرخۆ دڵەکەم!
- چرا بۆچی کوژایەوە؟
- من ناسیمەوە
- ئای دونیا
- گلەیی
- گۆرانیی شاعیر
- ئای لە یاسەمەنی سپی!
- کۆتایی


## گۆرانییەکەم

ئەوە گۆرانییەکەمە،
مۆسیقای بە دەوری تۆدا دەخولێتەوە ڕۆڵە!
وەك باوەشی خۆشەویستی بە سۆزم .
گۆرانییەکەم وەك ماچی لێڕازیبوون
لە هەنیەت دەسوێ..
کە بە تەنێی، لە تەنیشتت دادەنیشێ ..
کە لە ناوەڕاستی جەنجاڵیشدای ،
بە گوێتدا دەچرپێنێ ..
بە دوورەپەرێزیت دەورە دەدا..

گۆرانییەکەم بۆ خەونەکانت دەبنە دوو باڵ
دڵت دەگوازنەوە لێواری نادیاری ..
وەك ئەستێرەی دڵسۆزیان لێ دێ لە ئاسمان
کە شەوی دەیجوورت لە ڕێدا دەبێ ،
گۆرانییەکەم لە گلێنەی چاوەکانتا دادەنیشێ و
نیگا بۆ جەوهەری شتەکان هەڵدەگرێ ..
کاتێ دەنگیشم لە مەرگدا ئۆقرە دەگرێ ،
گۆرانییەکەم لە دڵی زیندووتەوە دەئاخڤێ .

## منداڵی فریشتە

ڕۆڵەم !
لێ گەڕێ ژیانت وەك مەشخەڵێکی ڕوناهی بێت
پاك، بێ شڵەژان و بێدەنگ شادمانییان بکا
ئەوان لە تەماح و ئێرەییدا دڵڕەقن ..
وشەکانیان وەك چەقۆی شاراوە
تینووی خوێنن..



بڕۆ ڕۆڵەم !
بڕۆ لە ناوەڕاستی دڵە مۆنەکانیان بوەستەو
لێ گەڕێ چاوە گەشەکانت لەسەریان بێ !
وەك سڵاوی لێبوردەیی ئێوارەی
دوای کۆششی ڕۆژانە ..
لێیان گەڕێ سیمات ببینن ڕۆڵە !
بەو چەشنە لە مانای شتەکان دەگەن .
لێیان گەڕێ خۆشیان بوێی و
یەکتریان خۆش بوێ ..
وەرە جێگات لە باوەشی بێسنووریدا بکەوە ڕۆڵە !
دڵت وەختی ڕۆژهەڵاتن بکەوە و
بڵندی وەك گوڵێك کە دەپشکوێ
لە خۆر ئاوابوونیشدا سەردانەوێنە..

## لەسەرخۆ دڵەکەم

با وەختی جودایی دڵگیر بێ
ڕێ مەدە ببێتە مردنێکی بێ دیماهی !
با خۆشەویستی ،
بەرەو یادگاران سەوڵ لێ داو
ئێش و ئازار ببنە ستران ..
با بنمیچ بگاتە ئاسمان ..
بۆ وێکهاتنەوەی باڵەکان لە دەوری هێلانەدا ..
با دوا بەرکەوتی دەستەکانت
وەك گوڵی شەو تەنك بێ ..
بوەستە ئەی کۆتایی سەرسوڕهێن !
چرکەیەك..
لە بێدەنگی دوا وشەتدا یادت بێتەوە
من بۆت دادەنوێمەوە و
چرام هەڵدەگرم ،
ڕێگات بۆ ڕووناك بکەمەوە.

## چرا بۆچی کوژایەوە ؟

چرا بۆچی کوژایەوە ؟
چرا بۆیە کوژایەوە ،
باڵتوکەمم تێوەرگرت
دوور بێ لە با
چرا بۆیە کوژایەوە..
گوڵ بۆ سیس بوو؟
هاتم بە ئەڤینێکی نیگەرانەوە
بە دڵمەوە نووساند
بۆیە سیس بوو..
ڕووبار بۆچی وشکی کرد؟
بەربەستێکم لە پێش هەڵنا
تا بەتەنێ بۆ خۆم بێ
بۆیە ڕووبار وشك بوو..
ژێی پێژەن بۆچی پسا؟
هەوڵمدا ئاوازێکی پێ بژەنم
بەرزتر لە خۆی، لە توانای ،
بۆیە ژێی پێژەن پسا..

## من ناسیمەوە

من تینووی
شتە دوورە بەدینەهاتووەکانم ..
ڕۆحم هەڵپەیەتی
بە سۆزە بۆ گرتنی مەودای تاریك
ئای، ئەی ترسی دووری ئەودیو ئاسۆ !
هەی هەی لە بانگی بە ئێشی
لە (نەی)دا هەڵقووڵاو !
من لە بیرم دەچێ
هەمیشە لە بیرم دەچێ باڵم پێوەنین بفڕم و
هەمیشە گیرۆدەی ئەم شوێنەم
من بەقەد شەوقەوە مردووم
بێدار...
من غەریبم
لە خاکێکی عەجیبدا!

## ئای دونیا!

ئای دونیا !
تۆ گوڵی خۆتت چنی و
بە دڵمەوەت نووساند
دڕکی تێڕاچوو ..
کە ڕۆژ بەرەو ئاوابوون چوو ،
تاریکی کشا ..
گوڵم لە گۆشەیەك دانا
لێ ئێشی دڕکەکەی هێشتا مابوو
ئای دونیا !
گوڵ گەنجییەتی و بۆنت دەداتێ
بەڵام وەختی گوڵوەچنی
کە من چاوەڕێم دەکرد، لە دەستم چوو و
لە شەوی دەیجووردا
ئیدی ناتوانم گوڵێکم دەست کەوێ
لە ئێشی چزووی زیاتر
کە ماوەتەوە.

# گلەیی

تۆڕم هاوێشتە دەریاو
لە قوولآیی تاریکیدا ،
شتی سەیر و زۆر جوانم دەرهێنا ..
هەندێکیان دەتگوت زەردەخەنەیە
شەوقیان دەدایەوە ..
هەندێ وەك فرمێسك دەدرەوشانەوە و
هەندێکیش ئاڵ وەك گۆنای بووك..
کە درەنگی ئێوارە بەخۆو بەدەستکەوتەوە
گەڕامەوە ماڵێ ،
خۆشەویستەکەم لە باخچە دانیشتبوو
بە تەمەڵییەکەوە پەڕەی گوڵی هەڵدەکێشان ..

بە شەرم و ویقارەوە
ئەوەی ڕاوم کردبوو
خستمە ژێر پێی ..
بە سووکییەوە لێی ڕوانی و وتی:
ئەم شتە سەیرانە چین؟
نازانم سوودیان چییە !
سەرم بە شەرمەوە دانەواندو
بیرم کردەوە:
" پێیانەوە ماندوو نەبووم
ئەوانە شایانی تۆ نین "
بەدرێژایی شەو خەریك بووم
یەك یەك لە ڕێگادا فڕێم دان
بەیانی موسافیر هاتن
کۆیان کردنەوە و
بۆ وڵاتی دووریان بردن...



## گۆرانیی شاعیر

که چەنگەکەم
لەگەڵ ئاوازی پچڕپچڕم دەهێنایەوە ،
تۆ لەوە دوور بووی تێم بگەی..
چۆن بمتوانیایە بزانم
ئەو سترانانە
لە کەناری نادیاریدا
هەڵپەی تۆیانە؟

که نزیکم بوویەوە
گۆرانییەکانم
بە ئاهەنگی هەنگاوەکانتا
سەمایان دەکرد
وەك ئەوەی نەسیمی شادییەکی باڵا
لەو یەکگرتنەدا
بە جیهان بڵاودەبێتەوە و
ساڵ دوای ساڵ
گوڵ لە سترانی شاعیردا دەپشکون ..
قژی بووك دەستی درێژ دەکا
قوربانی دێ قبوڵ بکا
ئەوەی لەم گەردوونەدا مەعلوومە
لەگەڵ نادیاردا ،
یاری چاوشارکێ دەکەن.

## ئای لە یاسەمەنی سپی !

ئەو ڕۆژەم لەبیرناچێ
یاسەمەنی سپی ئامێزی لە دەستم وەرێنا..
خۆر و
ئاسمان و
خاکی سەوزم خۆشەویست و
لە شەوێکی تاریکدا
گوێم لە هاژەی ڕووبار بوو ..
لە گەوەی ڕێگادا ڕۆژم لێ ئاوا بوو
پاییزێکی تەنیا
شتی وای جێهێشتووە
وەك بووكێك، كراسی بووكێنی
لە وەختی پێككگەیشتندا
بۆ خۆشەویستەكەی هەڵدەكا..

## کۆتایی

وەختی سەفەرە دایە !
من دەڕۆم
لە تاریکایی ڕەنگپەڕیوی
بەرەبەیانی چۆلدا
کە باسکەکانت لەسەرجێدا
بۆ منالەکەت درێژ دەکەیت ..
لە سەرمە بلێم:
" منالەکە لێرە نییە "
دایە من دەڕۆم !
دەبم بە تەوژمی کزەباییێك و
دلنەواییت دەکەم ..
کە خۆت دەشۆی
لەناو ئاودا شەپۆلان دەدەم و
ماچت دەکەم و
جارێکی دی ماچت دەکەم ..

له شەوی باوبۆراندا
کە باران نەرم نەرم لە گیا دەدا
چپەی من ،
لە پێخەفەکەتدا دەبینی
پێکەنینم بروسکەیەك
لە پەنجەرەی کراوەی ژوورەکەتدا دادەیسێنێ
نەنووستبووی ،
کە پاڵ کەوت
وێنەی ئەستێران گۆرانیت بۆ دەڵێم
" بنوو.. دایە.. بنوو "
لە تریفەی ماهی خەیاڵڕۆیودا
دەخزێمە سەرجێت کە نووستوی
لەسەر سنگت پاڵ دەکەوم

دەبم بە خەون و
لە نێوانی پێڵووە بە ئاستەم کراوەکانتا
دەخزێمە ناو قووڵایی نووستنت ..
کە لە خەو ڕادەبی و
بە ترسەوە سەیری دەوروبەرت دەکەی
لە تاریکیدا
وێنەی پەپوولەی ڕوناهیدار
دەفڕم دەچمە دەرەوە ..

لە ئاهەنگی جێژنی مەزنیی دایکیش
کە منالآنی هاوسێ دێن و
یاری لە دەوروبەری ماڵدا دەکەن
لە ئاوازی نەی دا دەتوێمەوە و
بەدرێژایی ڕۆژێ لە دڵتدا لێ دەدەم و
(سنتا)ی خۆشەویستیش
بەدیارییەکانتەوە بۆ ڕۆژی دایك دێ و
لێت دەپرسێ:
کوڕەکەت لە کوێ یە خوشك ؟!
تۆش بە هێمینەوە پێی دەڵێی
لە بیلبیلەی چاوەکانمە
کوڕەکەم جەستەمە.. ڕۆحمە..



## له شیعری تورکییەوە

ئەم دوو شیعرە، (میهرەبان) و (من ماندووم) لە بنەڕەتدا گۆرانی (مەحسون کرمز گولّ)ی هونەرمەندی ناسراوی تورکیا، بەڕەگەز کورد، لە یوتیوبدا بە وەرگێڕانی عەرەبی بلاّو کراوەتەوە.
بۆ سەرچاوەی گۆرانییەکان و بایۆگرافیای هونەرمەند بڕوانە پاشکۆی بایۆگرافیا و سەرچاوە.

### میهرەبان

قژی زەردت ،
بە دڵی شێتم گرێ داوە
بە هیچ شتێ ناکرێتەوە، میهرەبان..!

میهرەبان !
پێت وانەبێ
مردن لە جودایی قورستر بێ
گەر تاقیت نەکردووەتەوە
بە خەیاڵ ناتوانی
میهرەبان ، خۆشەویستم ..!

که ناوی دڵبەر دێ ،
قەڵەمم لەدەست دەکەوێ ..
چاوم ناکارن ببینن ..
عەقڵم لە خوێندنەوە دەوەستێ
ئاگری فانۆس ،
دەکەوێتە پرتەپرت.. میهرەبان !
ئاگری فانۆس دەلەرزێ..
ناتوانرێ عەشق
لەسەر کاغەز بنووسرێتەوە، میهرەبان
خۆشەویستم ..!
عەشق لەسەر کاغەز نانووسرێتەوە.. میهرەبان !

چارەی دەردی من
لای دکتۆران نییە.. میهرەبان !
کە وتت عەشق ،
بە دوای شتی دی مەگەڕێ ..
هەموو شتێك کۆتایی هەیە
لێ عەشق سنووری نییە میهرەبان
خۆشەویستم !


## من ماندووم

له تەلان و هەڵدێری ژیاندا ،
خۆم بە نینۆکەکانم گرتووەتەوە..
ساڵانی بوری ، ماندوویان کردووم ..
هەرگیز نەگەڕاومەتەوەو
چاوەدێری ،
برادەرەکانم ..
خۆشەویستانم کردووە ..
لە ژیانمدا ،
دۆست و خۆشەویستانم
نەفرۆشتووە.
من ئێستا ماندووم
ماندووم.. ماندوو
لەبەر درۆیان
لەبەر خۆشەویستییەوە.. ماندووم

مێروولەی زۆرم دیتن ،
بەلاّم هەرگیز پێم لێ نەنان .
قەت شەرەف و ڕاستی خۆمم
بە ماڵ نەداوە..
لەخوا بەدەر ،
هەرگیز کەسی دیم نەپەرستووە..
گەر نامناسی ،
باشە خەم نییە ..
من ئاوەهام !
من ماندووم
بە درۆیانەوە ماندووم
بە خۆشەویستییەوە ماندووم
بە دووڕووانەوە ماندووم

ماندووم
بەو گرفتانەوە ماندووم
لە خەڵکی بەدنمەك
لە دووڕووە ترسنۆکەکانەوە ماندووم..

ئادەمی زۆرم بێ جلوبەرگ و
جلوبەرگی زۆریشم
بێ ئادەمزاد بینی..
تۆ چۆن بزانی
کێ دژمن و کێ دۆستە؟
ئایا (سۆزانییەتیان) لە هەنییەدا نووسراوە؟
تا بزانی ئەوانە سۆزانین.. ها؟!



پشتیوانی هەژارانم کرد
وتیان تۆ کۆمۆنیستی!!
زۆرم نیشتیمانی خۆم خۆشویست
وتیان تۆ زیادەڕۆیی!!
نوێژم کرد
ڕۆژووم گرتن
وتیان تۆ توندڕۆی!
ماندوو بووم..
من بە درۆیان
بە خۆشەویستی،
بە دووڕووانەوە ماندووم
ماندووم
ماندوو...

**نازم حیکمەت**

## بۆ ڤێرا (1)

وتی: بە یارمەتیت وەرە!
وتی، بمێنەوە!
وتی: زەردەمسکە ببەوە!
بمرە!

هاتم ..
مامەوە..
زەردەمسکە بوومەوەو
مردم.

## پیاوێکی گەشبین (2)

کە منداڵ بوو،
قەت باڵی مێشێکی هەڵنەکێشا،
تەنەکەی بە کلکی پشیلانەوە نەکرد
یان خاڵخاڵۆکەیەك
لە پەلکە شخاتە بەند بکا
یاخود ،
پێ لە شارەمێرووولەیەك بنێ...

که گەورە بوو
هەموو ئەو شتانەیان بەو کرد!
من لە تەنیشت جیٚ و بالنگانی بووم کە مرد،
پیٚی وتم:
قەسیدەیەکم
لەبارەی خۆرو دەریا
لەبارەی ،
فڕنە ناووکیی و
مانگە دەسکردەکان و
گەورەیی مرۆڤایەتییەوە
بۆ بخویٚنەوە. !

## (3)نامۆترین بوونەوەری سەرزەمین

تۆ وەك دووپشك وای براكەم !
تۆ وەك دووپشك ،
بە ترسنۆكی ،
لە تاریكیدا دەژی ..
تۆ وەك چۆلەكە دەلەرزی
وەك ماسی سەدەفی
هەموو دەرووت لێ گیراون ..
وەك دەمی ئاگرپژێنێكی خامۆش
بە سامی برام!

## منداڵان شیعر دەنووسن

دەبێ چ وا لە منداڵێکی (4)ساڵی یا (6) یا (8) یا (10) یا تەنانەت (12) ساڵی بکا بەو درەوشانەوە و دڵڕوونییەوە شیعر بنووسێ کە موددەعی و زۆرجار ئەزموونداڕانیش پەی پێ نەبەن؟.

بەش بەبار وەڵامی ئەم پرسیارەم پێ نەدرایەوە، لەو ڕاستەدا قسەیەکی (نیزار قەببانی)م بەبیرهاتەوە بەو مانایەی شیعر وەکو حیکایەتی گوڵێك دەناسێنێ بەسەرگردۆڵکەیەکەوە هەڵدەلەرزێ،... کراسێکە لە خوێن...

کە ئەم شیعرانەم خوێندنەوە، بەر لە هەموو شتێك لە پێگەی مرۆڤێکدا وێنەی ئاوهەڵدێرێك بەسەرمدا پژان و ئەو ڕازە تەمرادەرەیان لەلادا چەسپاندم، شیعر ئەگەر پیشەسازی زمان بێ، هاواریشە.. کسپەیە، تەنیا بە ئاو و ئاگر لێکدەدرێتەوە.

8/ئەیلوولی/2012

## خەون

**شیعری: گویلیۆم**
**تەمەن: 10 ساڵ**

خەونم دی بەڕێگەی ژیاندا دەڕۆم
گوڵ لەم بەرو ئەوبەری دەپشکون
تا دەستوورم پێ بدەن تێپەڕم..
خەونم دی درەخت گەڵایان لێ دەڕوێ
تا بمپارێزن و بمسێننەوە ..
خەونم دی بۆقەکان بازی گەورە گەورە داوێن
سمۆرەکان پێم دەڵێن: " بەیانی باش "
ماسییەکان پێم دەڵێن: " بەیانی باش "
چۆلەکە جوانترین گۆرانییەکانیانم بۆ دەچڕن
خەونم دی ، ئەمە تا مردن بەردەوام بوو
ئەودەم منیش لەگەڵ درەخت و گوڵ و چۆلەکەو
بۆق و سمۆرە و ماسییەکاندا مردم.

## کێ بای دیوه؟

**شیعری: دوریس**
**تەمەن: 12 ساڵ**

کێ بای دیوه ؟
نه ئێوه ،
نه من ،
بەڵام کاتێ گەڵاکان هەڵدەلەرزن ،
تەنووره هەڵدەدرێنەوه
که قژ پەرش و بڵاودەبنەوه
دیاره با بەوێدا چووه..
کێ بای دیوه ؟
نه ئێوه، نه من
بەڵام کاتێ چەتر ، وەردەگەڕێن
دووکەڵ بانی ماڵان دادەگرێ
درەختەکان بەلادا دێن
ئەوه با بەوێدا چووه.

## لەوانەیە...

**شیعری: کاترین**
**تەمەن: 14 ساڵ**

ڕەنگە ناوتم لە هەموو شوێنێکدا نووسیبێ
لەوانەیە لە ناخمدا هەڵمکەندبێ
تا لە تۆ بەدەر، بیر لە چیتر نەکەمەوە..
ڕەنگە بمتوانیبێ پێت بڵێم خۆر هەرگیز نامرێ و
تیشك هەن ئەم سپێدەیەش شەونم لێی داون..
زەردەمسکە دەبێتەوە بۆم
تەمەننام دەکرد دەستم بە قژتدا بێنم
وەك ئەوەی شنە ،
بە شەپۆلێکی لە بیرکراویدا دێنێ ..
تەمەننام دەکرد دەستت لەناو دەستەکانمدا بگرم
تا هەتایێ یەك بگرن ..

حەزم دەکرد ژیانمان ،
وەك سروودی پاسارییەکی تەنیای ناخی شەو
هەمیشە ڕۆشن بێ .
من وێنەی درەوشانەوەی نیگاکانتم
لەسەر دیوارێکی نادیاردا کێشابوو
خەیاڵی جەستەتم دەکرد
لە ئۆقیانووسێکی بێ کەنارەوە هەڵدەقوڵێ ..
تەمەننام دەکرد قژی کێویم بکەیتە ئاودەنگ
وەك چۆن ئەسپی چۆلاییە دوورەکان ماڵیی دەکەی..
تەمەننام دەکرد ڕووانینت لە چاومدا نقوم بووایە
وەك ئەوەی هەندێ جار لە تاریکی خەمدا نقوم دەبن .

تەمەننام دەكرد زەردەخەنەت ،
وەك زەردەخەنەی بەهار بووایە ..
كە لە دڵەخەمبارە تینوو بۆ گەرمایی دا دەپشكوێ
بەڵام ئەمڕۆش دەخوازم ،
بە خۆشەویستی تۆوە بسووتێم
بەبۆنی تۆوە مەست بم
لە چاوی سازگاری تۆو
زەردەخەنەی هێمنت بەدەر نەبینم
ئەمڕۆش تەمەننا دەكەم
كەمێكت خۆش بوێم.

## به شیرینیەوە دەڕوانین

**شیعری: ماری فرانسواز**
**تەمەن: 11 ساڵ**

به شیرینیەوه دەڕوانین ..
به سۆزەوه دەڕوانین ..
دواجار هەمیشه به چاومان دەڕوانین ..
بەختیاران، ئێوه ڕاتان چییه؟
بێگومان ئێوه بڕواتان وایه
جێی خۆیەتی، مرۆڤ دوو چاوی هەبن
دوو چاو
لەگەڵ ئەوەشدا
کوێر هەن زۆر دڵخۆشن.

## من بینیم

**شیعری: ڤالیری**
**تەمەن: 11 ساڵ**

من بینیم
ئەو لەوێیە..
لە کوێ؟
لەوێ، لەوێ
لە چ ڕاستێك ؟
لە نزیکی دارستاندا
بینیت؟
ئەو کێیە؟
ئەو ئەوە
ڕەنگی چۆنە؟
گوڵڕەنگ
ئەرێ وەڵڵا زانیت کێیە
(بەختیارییە)..

## وشە

**شیعری: دانیال**
**تەمەن: 14 ساڵ**

وشە هەیە گەرمایی دەبەخشێ
وشە بۆ شەقام، بۆ سواڵکەران، بۆ پیران، بۆ کسۆکان
وشە هەیە درۆ دەکا
وشە هەیە بۆ درۆ
وشە بۆ بەردەوامی منداڵیی
وشە هەیە هاوار دەکا
وشەیش هەیە بە وشە ناچێ ..
بەڵام خەڵکیش هەیە
ئەوانەی قسە دەفرۆشن و هی تر دەیکڕن ..
شەویش قسە دەکا بەڵام کەس نایبیسێ
ژیان ناڵەناڵیەتی کەس چاوێکی لێ ناکا
دەریا، ئاسمان، با، هەموویان دەئاخڤن .

ئەدی بۆچی ناکرێ گوێیان لێ بگرین ؟
بە تەنیا لەوانە نەبێ
قسە لە بازاڕی قسان دەفرۆشن ..
تۆش لە پێناوی برادەرەکانت بئاخڤێ
قسە بۆ گوێیی قوڵاغ بکە
وەك ئەوەی بەخۆدا دەڵێی
قسە بکە وەك ئەوەی جیهان هەمووی لێرەیە
تەنیا وشەی بێ مانا مەبێژە
ئەو وشانە بڵێ دڵان گەرم دەکەنەوە
وشە بۆ شەقام، بۆ سواڵکەران، بۆ پیران، بۆ کسۆکان.

## پاکەوان

**شیعری: جانیك**
**تەمەن: 11 ساڵ**

من لە پاکەوانی ڕێوبانان زیاتر نیم .
لە گەسکەکەمم زیاتر نییە
جلوبەرگم دڕاون
کەس نایەوێ بۆمی بدروێتەوە
من لە پاکەوانی ڕێوبانان زیاتر نیم .
سامانم وەهمەکانمە ..
لە چاوچنۆکەکانی ڕیشفیل
کەس نایەوێ یارمەتیم بدا
من لە پاکەوانی ڕێگاوبانان زیاتر نیم ..
دەمەوێ ئەو شارە بەجێ بێڵم
بەڵام لە دەروازەکانی (ڕیشفیل) دا
سەرباز هەر هەژارێ بیگەنێ دەیکوژن
من لە پاکەوانی ڕێوبانان زیاتر نیم
نیازکەوتوو و نائومێد
تەنیا ئەو دەمە ئازاد دەبم
کە ئەجەلم دێ!

## جەستەتم دی

**شیعری: ئەنۆشکا**
**تەمەن: 9 ساڵ**

جەستەتم دی ،
بەدرێژایی ڕێگاوبانان ڕادەکێشرا ..
قاچەکانتم دی ،
بەدرێژایی ڕەو دەئێشان ..
دەستەکانتم دی ،
لە گۆشەی ڕێدا درێژ دەکران ..
فرمێسکەکانتم دی دەڕژان
تۆش نیگەران بووی
دڵم بینیت
لەبەرابەر ئێش و ئازار خۆ ڕادەگرێ
ژیانم دیتی
ترس و
دڵەڕاوکێ و
خەم ڕادەخا.



## دوو چۆلەکە

**شیعری: ڤیڤیان**
**تەمەن: 12 ساڵ**

دوو چۆلەکە لە شەوی کاتدا پیاسە دەکەن
یەکیان لەپکەیی، ئەوی دی لە ڕەنگی ئاگر
چۆلەکەی شین ئاوی خولْقاند ..
دەریا و ئاسمانی شین ..
چۆلەکەی ئاگر خۆری دروست کرد
ئەستێرە و ژیان ..
لێ ئەوەتا چۆلەکەیەکی زۆر ڕەش پەیدا دەبێ
ئەوە ئێوارەی دروست کردووە
مەرگی هێناوە.

# گوڵ

**شیعری: ئیڤیت**
**تەمەن: 11 ساڵ**

گوڵاڵە سوورە، گوڵی زەرد، خۆر
سێ گوڵن
دوو منداڵ هاتن
یەکیان گوڵاڵە سوورە، ئەوی دیان گوڵی زەردی چنی
خۆر بە تەنیا مایەوە هیچی نەگوت
ڕۆژێ لە ڕۆژان پیرەمێردێکی بزگوڕلەبەر
لێی کردەوەو لای خۆی دانا
پیرەمێرد هەستی بە ئاسوودەیی کرد...
هیوای خواست تا دەمرێ لەگەڵی دابێ
بەڵام ڕۆژێ لە ڕۆژان ژاکاو مرد.
بەدەر لە بیرەوەری جوانی
بۆ پیرەمێرد بەجێ نەهێشت
بیرەوەری گوڵێك پێی دەڵێن، خۆر.

## گوڵاڵە

**شیعری: ماریزیا**
**تەمەن: 8 ساڵ**

کاتێ لە کێڵگەی گوڵداردا پیاسەم دەکرد
گوڵێکی چکۆلەم بینی
ئاوم دا ..
ڕۆژی پاشی
لە من درێژتر بوو
ڕۆژێك باخەوان بینیبووی زۆرگەورە بووە
لێی کردبووەوە!

## ئاوابوون

**شیعری: ئاموری**

**تەمەن: 11.5 ساڵ و نیو**

سرووشتی پاکیزە
لە دەبەنگیی ئادەمزادەوە
لە سەروبەندی مەرگدایە ..
هەوری گەورەی ڕەش
لە ئاسمانی پیردا ،
هەمیشە لە سەفەر دایە ..
کەفاوی پیس
بە ڕووبارە ونبووەکاندا دەڕوا
ئاسۆ ،
لە دووکەڵی کارگەکان زیاتر نییە .

دەگمەنە، زۆر دەگمەنە
سترانی پاساریان
سەمای سمۆران...
سرووشتی پاك مرد
لە دەبەنگی ئادەمزادەوە مرد
بەڵام کە مرۆڤە خەتابارەکان
لە دارووخان زیاتر ،
کارێکی دی ناکەن
پاك دەمرێ ..
هەوری رەشی گەورە
جیهان دادەگرێ
رووبارە ونبووەکان
وشك بوون و
ئاسۆ ،
لە تۆزوگەرد زیاتر نییە ..
گۆرانیی پاسارییان ،
سەمای سمۆران
هەرگیز نابێ ..
سرووشتی پاك ،
لە دەبەنگیی ئادەمزادەوە مرد .



## له دایکبوونی خاك

شیعری: ئانۆشکا
تەمەن: 10 ساڵ

ئەو ئێوارەیە
وەك عادەتی خۆم بە ئاسماندا دەڕۆیشتم
خوشکە ئەستێران ،
لەمتبوون وەخەبەر بێنمەوە ..
منداڵێکی بچووکم کەوتە بەرچاو
دەست و پێی لە هەوادا بەرز دەکردنەوە
هەوڵی دەدا ئەستێران بگرێ ..
لە ئامێزێم گرت و
گەردوونم هەمووی بۆ ئاوالاّ کرد ،
پێمگوت:
(تۆ دەبینی ئەستێرە هەن و
مانگ و ڕۆژێك..
لێ ژیان لە دوای ئەواندا نییە) ..

که هەموو ئەستێرە گەڕۆکەکانم پیشان دان
لە بێشکە بچکۆلانەکەیم نا
تا بکەوێتە ئەستێرەیەکی مردوو
ئێستا سەرسوڕهێن دەست پێ دەکا
لەڕێی گەڕانەوە لە سەفەردا
بینیمان ئەو منداڵە دەگاتە قەدەری خۆی
بینیمان کاری دەکرد..
دەیکێلا و خاکی خۆی تۆ دەدا
ئێستا گەیشتە شکۆ
خاك و
ژیان
ئاسۆیان پڕ کرد.

## ئەمە دڵت تێکدەشکێنێ

**شیعری: ڤنسنت**
**تەمەن: 9 ساڵ**

سەگێك بەجێ دەهێشترێ ،
ئەوە دڵت تێکدەشکێنێ .
پیاوێك لەبرسا دەمرێ ،
ئەوە دڵت تێکدەشکێنێ .
گوندێك بە پیس بوون وێران دەبێ ،
ئەوە دڵت تێکدەشکێنێ .
پیاوان جنێو بەیەکتر دەدەن ،
ئەوە دڵت تێکدەشکێنێ .
درەختێك دەردەکێشرێ ،
ئەوە دڵت تێکدەشکێنێ .
بەڵام لەخۆشبەختی
دڵی مرۆڤ بەهێزە!

## شادی


**شیعری: دانی**
**تەمەن: 7 ساڵ**

دەمەوێ شاد بم
دەمەوێ بژیم و
مەرگ نەبینم
شادیم لە سرووشتەوە وەرگرتووە
نامەوێ بمرم
چونکە من هێشتا بچووکم...

## باران

**شیعری: ئایانویل**
**تەمەن: 5 ساڵ**

پێخەفی ئاسمان
هەڵدەگەڕێتەوە و دەکەوێ...



## پاشا

**شیعری: یواکیم**
**تەمەن: 10 ساڵ**

فەرمان بۆ کوشتن دەدەم..
فەرمان بۆ دەنگدان دەدەم ..
فەرمان دەدەم، بە گوێم دەکرێ
بەڵام کەس خۆشی ناوێم
چونکە من پاشام .

## دڵم

**شیعری: ئیڤیلین**
**تەمەن: 8 ساڵ**

دڵم زۆر بچووکە ..
لێ شتی زۆری تێدایە
لە دڵمدا
بیرەوەری ڕۆژانی خۆشی و
ناخۆشی و
خەونی جوان ..
هەموو ڕۆژێ ،
شوێنەواری ،
یادەوەریەك هەیە دەمێنێ ..
لێ ڕۆژێك ،
شوێنێك لە دڵمدا
بۆ هیچ شتێك نامێنێ .

## ئەمن لەپرسەدام

**شیعری: ئێزابێل**
**تەمەن: 9 ساڵ**

من بۆ تۆ لە پرسەدام
تۆ مەزن بووی،
سەر و پرچ زەرد ..
تەمەنت چل ساڵ بوو
سەرچاوەی ژیانم بووی
کە تووڕە دەبووی دەتترساندم
تۆ شیرینی،
لە خەوڕابوونی سپێدان و
دڵی گەرم بووی
هیچیت لێ نەماوە
پێخەفی ساردوسڕت نەبێ
بابە!

## من بەختیارم

**شیعری: فلۆر**
**تەمەن: 4 ساڵ**

من بەختیارم
دوێنێ لە مەلەوانگەدا
هەنگاوێکیش بەرەو پێش نەچووم
ئەمڕۆ من ،
لە قاپەخێك باشتر بەسەر ئاوەوەم ..

## ماڵێك دەسووتێ

**شیعری: فلۆرینا**
**تەمەن: 5 ساڵ**

ماڵێك دەسووتێ ..
خۆر دەگری
درەخت خەمبارن...
من تەنیا.

---

تێبینی:
شیعرەکان لە (الانهار الضائعة)وە بەوەرگێڕانی ئینتیوانێت ئەلقس بۆ عەرەبی وەرگێراون. کە ساڵی 2004 لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری سوورییەوە بڵاوکراوەتەوە.
هەندێ لە شیعرەکان بێ ناونیشان بوون، من وشە یا دێری یەکەمم بۆ کردوونەتە ناونیشان.

## گوڵەگەنمێك، هەموو گەنمە
**ئۆكتاڤیۆپاز**

گوڵەگەنمێك، هەموو گەنمە ..
پەڕەمووچێك، مەلێكی زیندووە دەخوێنێ .
پیاوێ لە گۆشت، پیاوێكە لە خەون
حەقیقەت بەش ناكرێ .

تریشقەی هەور هێزی برووسکە بەدەردەخات
ئەو ژنەی مرۆڤ خەونی پێوە دەبینێ
هەمیشە لەشێوەی دڵبەرا دەبێ
درەختی نووستو وڕێنە بە ئیلهامی سەوزەوە دەکا ..
ئاو بەردەوام دەئاخڤێ و خۆی دووبارە ناکاتەوە .
لە تەرازووی پێڵووەاندا خەون بەهایەکی نییە .
لە تەرازووی زمانێکیش بەخۆیدا دەڵێ:
زمانی ژنێك ،
مەلی بەهەشت باڵەکانی دەکاتەوە ..

## ستڕانبێژی شەقام

**گریگۆری کۆرسۆ**

لەبەر دەرگا کەوتووە، نەخۆشە..
دەستی بە دڵییەوە گرتووە
گۆرانییەك لە شلۆغی شەودا نەچڕاوە ..

مردن فرمێسك دەبارێنێ ..
جا چونکە مردن ئینسانییە
کە منداڵێك دەمرێ ،
تەواوی ڕۆژێ ،
لە سینەمادا بەسەر دەبات ..

## بایۆگرافیا و سەرچاوە

- نووسەرو شاعیری سوری محەمەد ئەحمەد عیسا ماغوت، کە بە محەمەد ماغوت ناسراوە، ساڵی 1934 لەدەوروبەری شاری حەما لەدایك بووە، لە نەبوونییان هەر لە دەسپێکی خوێندنەوە قوتابخانەی بەجێهێشتوە، ماوەیەك وەك ڕۆژنامەنووس کاری کردووەو یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ڕۆژنامەی (تشرین)ی سوری، لە نووسینەکانیدا زۆرتر خۆی لە قاڵبی گاڵتەجاڕی، یا ئەوەی دەچێتەوە ناو ئەدەبیاتی گاڵتەجاڕی بینیوەتەوەو یەکێکە لە پێشەنگەکانی ئەو چەشنە نووسینە.ماغوت لە نووسینی شانۆگەریی و ڕۆمان و شیعردا، بەتایبەتیش پەخشانەشیعر بەرهەمی دانسقەی هەیە. لە 2006/4/3دا بە نەخۆشی کۆچی دوایی کردووە. ژیانی ماغوت لەنێوان زێدی خۆی و دیمەشق و بێرووتدا بووە، تەنانەت کە بۆ یەکەمین جار چووەتە لوبنان بە پێ چووە، لەوێ (یوسف ئەلخال)ی شاعیر دەناسێ و دەبێتە

یەکێك لە نووسەرانی گۆڤاری (شیعر) کە تا ماوەیەکی زۆر ببوو بە سەکۆی بزاڤی شیعری نوێی عەرەبی، هەر لەوێشدا شـاعیری عێراقـی نوێخـواز (بـەدر شـاکر سـەییاب)و چـەندان نووسـەرو شاعیری دی وەك (ئەدۆنیس) و (سەنیە سالّح و زەکەریا تامر) و هی تر دەناسیّ. (شیعرەکانی ماغوت)ی ئەم کۆشیعرە لە سایتی (منتدی الامبراطور)ـەوە وەرگێڕدراون.

- محەمەد نەجیب محەمەد هەجرەس کە بە (نەجیب سرور) ناسراوە، ساڵی 1932 لە گوندی (ئیختاب)ی سەر بە پارێزگای (دوقهلیە)ی میسری لەدایك بووە. نەجیب سرور لە وەختێکدا سەرەتای ژیانی دەستپێکرد کە لە دەڤەرەکەیاندا، ئەو گەرم و گوڕییە نەبوو بنەماڵەکان منداڵەکانیان لەبەر خوێندن دابنێن.. تەنانەت ئەو قوتابخانانەی کە لەو گوندانەدا کرابوونەوە و سەر بە میری بوون، بە پێشمەرجی زەحمەت قوتابییان وەردەگرتن... لەگەڵ ئەوەشدا نەجیب سرور بە هەستیاری و چەکەرەکردنی بیری ئینسانییەوە، توانی لە ژیانیدا دەقی ناوازە بنووسیّ، بە تایبەتیش لەبواری شانۆ و شیعردا... هەروەها وەك ڕەخنەگرێکی خاوەن میتۆدی خۆی ناوبانگێکی پڕشنگداری وەرگرتبوو، نەجیب سرور، بەتایبەتی لە زەمانی (سەلاّح نەسر)ی بەڕێوەبەری موخابەراتی میسری، دووچاری چاوەدێری و ئازاردان و گرتن و دوورخستنەوە بوو، تا بەوە گەیشت بلاّوکردنەوەشیان لیّ قەدەغە کرد. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا جیّ پەنجەی سرور بەسەر ژیانی فەرهەنگ و کولتووری ولاّتەکەی و تەنانەت ولاّتـانی دیـکەی عـەرەبیشدا هـەبوو و یەکـێك بـوو لـە

کۆڵکەکانی شیعرو شانۆی میسری تا کۆچی دوایی لە 1978 دا. لەکاتی خۆیدا ئەم شیعرەی (نەجیب سرور)م کە وەرگێڕاوە لە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە 565ی ڕۆژی 1980/12/18دا بڵاوم کردووەتەوە.. بەداخەوە هەر ئەوکاتی سەرچاوەکە پەڕی بوو..

- شاعیرو شانۆنووس و ڕۆماننووس (ڕوبندرانات تاگوور) لە بەشی بەنگالی شاری کەلکەتا ساڵی 1861 لەدایك بووە. بۆ یەکەمین جار هەر لە ماڵەوە لەژێر دەستی باوکی کە ئەویش زاناو شاعیرو شانۆنووس بووە خوێندوویەتی، لەسەر دەستی ئەویش فێری وەرزشی (جۆدۆ) بووە. تاگوور زمانی سانسکرێتیشی لە هەرێمی نیکتانهی ڕۆژئاوای بەنگال خوێندووە، خانەوادەی تاگوور هەبوویی بوونو لە چینی (براهما) بوون. زۆربەی خوێندنی تاگوور لە ماڵەوە بووە لەژێر چاودێری مامۆستای تایبەتی و سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی خانەوادەکەی... زۆربەی زانستەکانی خوێندووە، لە زانستی زمانەوە بگرە تا فەلەکناسی و زانستەکانی نوێ و مێژوو و کولتووروی جۆراوجۆر... لە تەمەنی هەشت ساڵییەوە شیعری نووسیوە، لە حەڤدە ساڵیشەوە باوکی دەینێرێتە ئینگلستان، بەلاّم پاشان لەوێدا زانکۆ بەجێدەهێڵێ و دەگەڕێتەوە کەلکەتا. ئەزموونی شیعری تاگوور لەو دەمەدا دەرکەوت کە ژمارەیەك کۆشیعری بلاّوکردەوە، کە بە پازدان و تێپەڕاندنێکی گرینگ ناسێنرا نەك هەر بە گوێرەی تاقیکردنەوەی خۆی، بەڵکو لەناو تێکڕای (شیعری بەنگالی)دا. ئەوە بێجگە لە چەندین شانۆیی و ڕۆمان و کورتە چیرۆکی دی، لە پاڵ ئەوەشدا

تاگوور لە قۆناغەکانی دوایی ژیانیدا وێنەکێشێکی کارامەیشی لێ دەرچوو (لە تەمەنی شەستساڵیدا) و لە ژمارەیەك پیشەنگاشدا تابلۆکانی نمایش کردن، تاگوور کە دەچێتە ئینگلستان، لەگەڵ برادەرێکی پێکدەگەنەوە ئەویش هونەرمەند دەبێ، ئەو برادەرەی ناوی (رۆتنستاین)ـە، هونەرمەندێکی بەناوبانگ بووە، تاگوور لە هیندستانەوە ناسیبووی پێشنیاری ئەوەی بۆ کرد شیعرەکانی بۆ بکاتە ئینگلیزی، دوای ئەوەی کە زانی لەبەرابەر شیعری ئینسانی بەرز دایە، پاش وەرگێڕانیش، بۆ پێداچوونەوە پەیوەندی بە شاعیری ئایرلاندی ناسراو (ولیەم بتلەر ییێتس)ـەوە دەکا ، لێرەوە بەرهەمەکانی تاگوور ناسران و لە دوای ئەوەشدا زۆری نەبرد (خەلاتی نۆبل)ی وەرگرت. لە ئەنجامی نەشتەرگەرییەکی سەرنەکەوتوو کە لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی کەلکەتا ساڵی 1947 بۆی کرا ، پاش ئەوەی دوا شیعری بۆ ئامادەبووانی نەخۆشخانە خوێندەوە گیانی سپارد. ئەم قەسیدانەی تاگوور لە (رابندرنات طاغور- روائع في المسرح والشعر)ـەوە کراون بە کوردی.

- (مەحسون کرمز گوڵ) هونەرمەندی ناسراوی تورکیا، بە ڕەسەن کوردو لە دایك بووی ئامەد 26ی ئاداری 1969. (کرمز گویل) کەمتر گۆرانی بە زمانی دایك چڕیوە بەلاّم هەمیشە لەگەڵ مەسەلەی گەلەکەیدا بووە، مەحسون لە سەرەتادا وەکو هەوادارێکی هونەر دەستی پێکرد، لە دواییدا بە کۆششی بەردەوامی توانی لەکاتێکی پێوانەییدا (8) ئەلبوم بلاّوبکاتەوەو لە فراوانترین دەرگاوە بچێتە دونیای ئەستێرەکانی هونەر. ئەو دوو شیعرە – گۆرانی مەحسونن و لە یوتوب بە وەرگێڕانی عەرەبییەوە

بلاّوكراونەتەوە، لەوێوە كراون بە كوردی. بۆ بینینی گۆرانییەكان بڕوانە:
htpps:\\www.youtube.com\watch?v?yYfnNRQB9Q
https: :\\www.youtube.com\ watch?=wcld ffrE50

- نازم حیكمەت، شاعیری توركی بەناوبانگ، لە ماڵباتێكی دەوڵەمەندو بالاّدەست لە ساڵی 1902 لە شاری سالۆنیك هاتووەتە دونیاوە، یەكێكە لە پێشەنگەكانی بزاڤی نوێخوازی شیعری توركی، شیعرەكانی ماوەیەكی زۆر لە توركیادا بەهۆی هەڵوێستە سیاسییەكانی قەدەغەكران، تا گەیشتە ئەوەی ولاّتنامەشیان لێ ستاندەوەو ماوەیەكی زۆریش لە زینداندا مایەوە، پاشان بەرەو (یەكێتی سۆڤیەتی جاران) هەلاّت.

نازم حیكمەت تاقیكردنەوەكانی خۆی وەكو شاعیر بە كولتووری زۆر لە ولاّتان دەوڵەمەند كردووەو بە ڕادەیەك زۆر لە شاعیرانی عەرەب كاریگەربوون پێی، لەوانە بە نموونە: نیزار قەببانی و بلّند حەیدەری و عەبدولوەهاب بەیاتی. شیعرەكانی نازم حیكمەت زۆریان لێ كراون بە كوردی، ئینجا ڕاستەوخۆ لە توركییەوە بووبێ یا لە عەرەبی، وەك ئەوەی بۆ گەلێك زمانی دیكەی دنیاش وەرگێڕدراون. بەیانییەكی ساڵی 1963 بە كتوپڕی كۆچی دوایی كرد، پاش ئەو هەموو دەردەسەری و زیندان و نەفی و ... تاد. بەلاّم بێگومان شیعرەكانی ئێستاشی لەگەڵدابێ كاریگەرییان ون نەبووە، بەتایبەتی دوای ئەوەی لەپاش مەرگیدا بە فەرمی عەفوی لەلایەن دەوڵەتی توركیاوە بۆ دەرچـــوو و ولاّتنامـــەیان بۆ گـــــەڕاندەوەو بـــلاّوكـــردنـــەوەی

نووسراوەکانی لە تورکیادا ئازاد کرا. هەر (3) شیعری نازم حیکمەت لە سایتی (الحوار المتمدن)ـەوە ژمارە 3719ی ڕۆژی 2012/5/6 کراون بە کوردی.

- شاعیری مەکسیکی (ئۆکتافیۆ پاز) 13ی ئاداری 1914 لە مەکسیکۆسیتی لە دایکێکی ئیسپانیایی و باوکێکی مەکسیکی لەدایك بووە. بالوێزی ولاَتەکەی بووە لە فەڕەنساو سویسراو هیندستان و ژاپۆن... لە دوایدا دەست لە کاری دیپلۆماسی دەکێشێتەوە، وەکو نارەزاییەك دژ بە سیاسەتی حکوومەتەکەی بەرانبەر قوتابیان کە لە کاتی خۆپیشاندانیاندا توندوتیژی لە دژیان بەکارهێناو بوو بەهۆی کوژرانی نزیکەی 3000 قوتابی. پاز، لەژیانیدا (5) کۆشیعری بلاَوکردووەتەوە، یەکەمینیان لە ساڵی 1949و دوا کۆشیعریش لە ساڵی 1978 بەناوی (ونگەی گۆشەگیری) ساڵی 1990خەلاَتی نۆبلی وەرگرت. ئەوە بێجگە لە چەندین خەلاَتی دیکە، لەوانە خەلاَتی (تی. ئێس. ئیلیێەت) و خەلاَتی (سێربانتس). بۆ شیعرەکەی ئۆکتافیۆ پاز – بڕوانە ئۆکتافیۆ پاز (حرية مشروطة) کە (محمد علي اليوسفي) کردوویە بە عەرەبی – بلاَوکراوەی دار العالمیە، بیروت 1973، ل38.

- شاعیری ئەمریکایی گریگۆری کۆرسۆ، لە ساڵی 1930 هاتۆتە دنیاوەو ساڵی 2001 کۆچی دوایی کردووە، لای کۆرسۆ وێنەی شیعری لە پێشەوەی بابەتەکانی دی پەیوەندیدار بە نووسینی شیعرەوە دێ... شیعرەکانیشی بەهۆی وێنەو خـەیاڵ و فەنتازیائامێزییانەوە لـەگەڵ ئەوەی

شیعری ڕۆژانەشن، بەلاّم بەهای شیعرییەتیان لەدەستنەداوە. بۆ ئەم شیعرەی کۆرسۆ بڕوانە (عبدالوهاب البياتي، صوت السنوات الضوئية)، دار الشروق، قاهیرە 1977، ل71.

- شاعیرو ڕۆماننووسی عێراقی (فازڵ عەززاوی)، ساڵی 1940 لە کەرکووك لەدایك بووە، بەکالۆریۆسی لە زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی بەغداو دکتۆرای لە زانکۆی لایبزگ لە ئەڵمانیا وەرگرتووە. یەکێکە لە دامەزرێنەرانی (کۆمەڵەی کەرکووك) بە هاوبەشی لەگەڵ (سەرگۆن پۆڵس و جان دەمۆ و موئەیەد راوی و سەلاّح فایەق) کە زیاتر بایەخیان بە پەخشانەشیعر دەدا. قەسیدەی (من هاوارم چ قوڕگێك دەمچڕێ) کە لە ئەسڵدا من (دەمچڕێ)م لەباتی (تعزفني) پێ لەبارتر بوو،لە کۆشیعری شاعیر، کە کۆی قەسیدەکانی نێوان 1960-1974ی لەخۆگرتووە، کراوە بە کوردی. بڕوانە کۆشیعری (صاعدا حتى الينبوع) بلاّوکراوەی دەزگای (المدى) چاپی دووەم ساڵی 2003، ل35-45، قەسیدەکانی دیکەی (فلیمێك لە وێستگەیەکی شەمەندەفەردا تا ئارمیشی پێچەوانە) لە کۆشیعری (فراشة في طريقها الى النار)ـەوە کراون بە کوردی. بڕوانە: (فراشة في طريقها الى النار)، دەزگای (المدى)، چاپی یەکەم، ساڵی 1998، ل16، 21، 23، 28، 43، 56، 89، 128. بەلاّم قەسیدەی (نیگەرانی لەبارەی چارەنووسم لە بەهەشتدا) لە سایتی گۆڤاری (کیکا)ـەوە کراوە بە کوردی.

- (یانیس ڕێتسۆس)، شاعیری گریکی، مایسی 1909 لە باشووری ڕۆژهەڵاتی دەڤەری بیلۆبۆنیز لەدایك بووە، ڕێتسۆس، سەرەتای خوێندنی لە گوند بووە، یەکەمین قەسیدەی لە ساڵی 1916دا نووسیوە. پاش ئەوەی براو باوك و دایکی بەدوای یەکدیدا دەمرن باری دەروونی و دارایشی تێکدەچێ، دوای ئەوە بۆ خوێندنی ئامادەیی دەچێتە ئەسینا، لەوێ لە پاڵ خوێندن کاریش دەکا. لەسەرەتاشدا شیعرەکانی خۆی لەسەر ئەرك و حیسابی خۆی بلاْوکردەوە، چونکە هیچ بلاْوکارێك بۆیان نەکرد. یەکەمین کۆشیعری ساڵی 1934 بلاْوکردووەتەوە، زۆری بەدەست حوکمی سەربازییەوە چەشت تا ڕادەی قەدەغەکردنی شیعرەکانی... شیعرەکانی ڕێتسۆس لەلایەن هونەرمەندی ناسراو (میکیس ثیۆدۆراکیس)ـەوە کراونەتە گۆرانی. پاش ڕووخانی حوکمی سەربازی لە وڵاتەکەیدا زانکۆی چالۆنیك دکتۆرای شانازی پێ دەبەخشێ، پاشان خەڵاتی دەوڵەتیش بۆ شیعر وەردەگرێ. شیعرەکانی ڕێتسۆس لە یەکەم خوێندنەوەیاندا سادەو ڕووکەش خۆیان دەنوێنن، بەڵام لە ڕاستیدا وانین و زۆر قووڵن و ڕێتسۆس توانیوویەتی بە بەرهەستیی خۆی و زاڵبوونێکی دیار بەسەر زمان و گەمەتەکنیکییەکانی ژیانی مرۆڤی هاوچەرخ بە گشتی و گریکی بەتایبەتی لە دیمەنی لەبیرنەکراودا دەربڕێ. شیعرەکانی ڕێتسۆس لە کۆشیعری (ایماءات)ـەوە کە سعدی یوسف کردوونی بە عەرەبی کراون بە کوردی. بڕوانە: ایماءات، 1978.

- شاعیری ڕووسی (سێرگی یەسەنین)، لە دەڤەری ڕیازان 3ی تشرینی یەکەمی 1895 لەدایك بووە، تا خوێندنی ئامادەیی هەر لە گوندەکەی خۆیان تەواو کردووە. پاشان چووتە قوتابخانەی مامۆستایانی کەنیسەوە لە ناحیەیەکی نزیك گوندەکەیان، لەگەڵ ئەوەشدا یەسەنین سەرەڕای ئەوەی لە تەمەنی لاویدا کۆچی دوایی کردووە (27ی کانوونی یەکەمی 1925)، بەلاّم لە شاعیرە میللییە هەرە لەپێشەکانی ڕووسیا بوو، تەنانەت لای خەڵکانێك شیعرەکانی ئەم دەست و ئەو دەستی دەکردو خۆشیاندەویست، ئێستاشی لەگەڵدابێ کە ئەسڵەن شیعر جێی بایەخییان نییە، بەو هۆیەشەوە زۆر لە شیعرەکانی کە هەمیشە ئەو شادی و گەشبینییە داپۆشراو بە خەمەی تێدایە، کراون بە گۆرانی. شیعرەکەی یەسەنین لە سایتێکی تایبەت بە هەڵبژاردەی شیعرەکانی یەسەنینەوە بە وەرگێڕانی دکتۆر (ثائر زین الدین)ەوە بو عەرەبی کراوە بە کوردی. بڕوانە: لاپەڕەی سایتەکە ڕۆژی 2008/4/4.

- ئەحمەدی شاملو، شاعیری ناسراوی فارس، لە 1925/12/12 لە تاران لە دایك بووەو ساڵی 2000 کۆچی دوایی کردووە. شاملو لە پێشداو لە سەرەتای دەسپێکی نووسیندا لەژێر کاریگەری پێشەنگی شیعری نوێی فارسی (نیما یوشیج)ەوە بوو، بەلاّم لە دواییدا ڕێگای خۆی دۆزیەوەو بوو بە یەکێك لە کۆڵەگە پتەوەکانی شیعری نوێی فارسی، بۆ نزیکەی (50) ساڵ پێشەنگی شاعیرانی نوێی فارس بووە، سەرەڕای ئەوەش وەرگێڕێکی بە سەلیقەو توانایش بوو و شیعری زۆر لە شاعیرە بەناوبانگەکانی

ئەوروپای کردووە بە فارسی، وێنەی (سان جۆن پێرس و لۆرکاو ڕافایل ئەلبێرتی و هی تر)، شاملو لە پاڵ شیعردا لەبواری ڕۆژنامەنووسیشدا ماوەیەکی زۆر کاری کرد و گەلێ بلاْوکراوەی دەرچوواندو سەرنووسەری ژمارەیەك ڕۆژنامەیش بووە. بۆ شیعرەکەی شاملو، بڕوانە: احمد شاملو، مجموعه اشعار شانزده دفتر، بلاْوکراوەی (کتیبخانه امید ایران) پێویستە بگوترێ کە شاملو ئەم شیعرەی بۆ (کامیار شاپور) نووسیوە.

- عەبدولوەهاب بەیاتی، شاعیرو نووسەری عێراقی ناسراو ساڵی 1926 لەدایك بووەو لە ساڵی 1999دا کۆچی دوایی کردووە. لە پاڵ بەدر شاکر سەییاب و نازك مەلائیکە بە یەکێك لە پێشەنگەکانی نوێبوونەوە دەژمێردرێ لە شیعری عێراقی و عەرەبیدا. ماوەیەکی زۆر لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا کاری کردووەو ماوەیەکیش مامۆستایەتی ... زۆربەی ولاْتان گەڕاوەو شیعرەکانی بۆ زۆر زمان وەرگێڕدراون و لێکۆڵینەوەو تێزی ماستەر و دکتۆرایان لەسەر نووسراوە. خۆشی شیعری زۆر لە شاعیرانی نوێخوازی جیهانی کردووە بە عەرەبی. ماوەیەك لە مۆسکۆ لە پەیمانگاسی گەلانی ئاسیا مامۆستایەتی کردووە، هەروەها لەنێوان سالاْنی 1980-1989 لە ئیسپانیا نیشتەجێ بووەو هەر لەوێش زۆربەی کۆشیعرەکانی کراونەتە ئیسپانی. شیعری بەیاتی زیاتر مۆرکی جیهانایەتی پێوە دەبینرێ، ئەمەش لێتوژان بۆ پەیوەندییەکانی شاعیری دەگێڕنەوە لەگەڵ زۆر لە شاعیرە ناسراوەکانی جیهان وەکو ڕافاییل ئەلبێرتی و شاعیری ڕووسی یەفتۆشینکۆو شاعیری تورك

نازم حیکمەت، هەروەها بۆ تێکەڵبوونی بە فەزای سۆفیایەتی. بۆ شیعرەکەی بەیاتی، بڕوانە گۆڤاری (المقدمة)ی پاریسی ژمارە (6)ی ساڵی 1987، ل12.

- ئەلیاس عەلەوی، شاعیری ئەڤغانی ساڵی 1981لەدایك بووە، یەکەمین کۆشیعری لە تاران چاپکردووە، بەناوی (من گورگێکم خەون دەبینم) کۆشیعری دووەمی بەناوی (هەندێ برین)ــەوە لە ئەفغانستان چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ئێستا لە ئوسترالیا دەژی. شیعری یەکەمی عەلەوی لە سایتی (جدار الصوت)ــەوەی ڕۆژی 2015/12/11 کراوە بە کوردی. شیعری دووەمی لە ڕۆژنامەی (العالم)ی ئێراقی ژمارەی ڕۆژی 2015/12/22.

- سەید ئەبو تاڵیبــی مزەفەری ساڵی 1344ی هەتاوی لە گوندی چوارباغی ویلایەتی ئارزگان لە دایك بووە، هەر لەوێش چووەتە بەر خوێندن و قۆناغی سەرەتایی تەواو کردووە، ساڵی 1364ی هەتاوی یەکەمین شیعری نووسیوە، شیعری ئەبو تاڵیبیش دیارە خاڵی نییە لە کەش و هەوای شاعیرانی ئەفغانستان کە زۆربەی عاریفانی دونیایێی لێ هاتوون، ئەو وادیارە بە هەناسەیەکی نیشتیمانخوازی و مرۆڤدۆستی لە بواری مرۆڤی ولاتەکەیدا خەمی گەورەتر دەگێڕێتەوە.. ئەمەش بێگومان تووڵەڕێیکی هەرە باریکە لە ڕێگای پان و بەرین و ڕێبوارانی ڕێی عاریفان، بەڵام لە شێوەو ڕوانینێکی جیاوازدا. شیعرەکەی ئەبو تاڵیب، لە سایتی (جدار الصوت)ــەوە کراوە بە کوردی.

▪ شاعیری ئەڤغانی خاتوو زوهرا سەعید، لـە شـاری (جـەلال ئاباد) لە ئەڤغانستان لەدایك بـووە، سـاڵی 1980 لەگـەڵ خانەوادەکەی چوونەتە ئەمریکا، لەوێ لە کۆلێـژی بـروکلین ماستەری لە هونەرە جوانەکان وەرگرتووە. تا ئێستا شـیعرو نووسـینەکانی لـە زۆربـەی گۆڤـارە ئەدەبییەکانـدا بلاوکردووەنەتـەوە. هـەروەها لەگـەڵ (سـەحەر مـرادی)دا کتێبێکی هاوبەشـیان بـەناوی (چـیرۆکێك — سـی چـیرۆك) هەڵبژاردە لە ئەدەبیاتی ئەڤغانی لە چاپداوە. خاتوو زوهـرا، جگە لەوەی بە زمانی دایکیش بلاودەکاتـەوە، شـیعری بـە زمانی ئینگلیزیش هەیە. ئێستا مامۆستایە لـە بەرنامـەی توێژینەوەی ئاسیا — ئەمەریکایی سەر بە کۆلێژی هانتـەر، هەروەها ئەندامیشە لە ئەنجوومـەنی بـەڕێوەبردنی دەزگـای ئاشـتی. هـەردوو شـیعری زوهـرا — لـە سـایتی (قـاب قوسین)ـەوە کراون بە کوردی.

---

تێبینی

- سەرچاوەی شیعرەکان وەك دیارە لە کۆتایی بایۆگرافیای شاعیرەکان ئاماژەی پێدراوە.
- بۆ ئامادەکردنی بایۆگرافیای شاعیرەکان، تەماشای ژمارەیەك سایتی پەیوەندیدار کراوە.

## هەولە چاپکراوەکانی

## ئازاد عەزیز سوری

### 1) لەبواری لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسیدا

- ڕۆژنامەگەریی کوردی ورۆژنامەنووسیکورد1984،بەناوی خوازراوی (پاکزادمحمدکریم)،چاپکردن وبلاوکردنەوەی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانیکوردستان(لەشاخ) چاپی دووەم بەناوی سەریح، هەولێر چاپخانەی زانکۆیسەلاحەددین1991.
- پرۆژەیەك بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەبەکوردی ـ لێکۆڵینەوە- گۆڤاری (ڕۆشنبیریینوێ) بەغدا،پاییزی1986.
- هەڵەیچاپ،ئەمڕۆ و ئاسۆی دواڕۆژ. لێکۆڵینەوە ـ بەدووبەش، ڕۆژنامەی (هاوکاری) بەغدا1988
- وێنەوکاریکاتێر وتایپۆگرافیا و بەکارهێنانیان لەڕۆژنامەگەرییکوردیدا.لێکۆڵینەوە- بەسێ بەش، گۆڤاری (کاروان ژمارە85 و86 و87)ی1990.
- برایەتی: یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانە لەمێژووی رۆژنامەگەرییکوردیدا. لێکۆڵینەوە و بیبلۆگرافیا ـ چاپییەکەم گۆڤاری(یەکگرتن) کەلەهەندەراندەردەچوو، چاپی دووەم چاپخانەی خەبات1991. چاپیسێیەم چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ هەولێر 1997.
- ئاژانسیدەنگوباسیکوردستان(ئاداکADAK) پرۆژەی دامەزراندن وبەڕێوەبردن. لێکۆڵینەوە ـ ڕۆژنامەی (برایەتی) بەسێزدە ئەڵقە1993، چاپییەکەم بەکتێب هەولێر1993، چاپیدووەم بەکتێب چاپخانەی خەبات دهۆك1997،چاپیسێیەم هەولێر2005.
- درەختی بنکۆڵ کراو: پەنجەنماییێکی ڕۆژنامەنووسییانە بۆ باری ڕووناکبیری وکلتووریکوردی ـ چاپی یەکەم کوردستان1995، چاپیدووەم سوید1996،چاپیسێیەم ـ هەولێر2006.
- ئازادی لە بەهاری تەمەنیدا، وتار لە بارەی ڕۆژنامەنووسییەوە،چاپی یەکەم هەولێر- کوردستان2005.
- ڕۆژنامەگەرییکوردی ـ چەند سەرەقەڵەمێك لەبارەی تەکنیك وهونەرەکانی، چاپییەکەم هەولێر1999،چاپیدووەم2006.
- شار لە هەڵبوون وکوژانەوەیدا ـ وتاری ڕۆژنامەنووسیی چاپییەکەم2005.

### *2) شیعر*

- ئەوشەوانەی خەوم نایێ: چاپخانەی (النعمان)نەجەف ـ1977
- تاڤگەی مەند. چاپخانەی (شفیق) بەغدا ـ 1987.
- چەندکۆتەلێکیجەنازەیی: چاپی ئیتالیا1994،چاپیکوردستان 1995.
- هەندێ لەوشوێن پێ یانەی بەسەرشەختەدامابوونەوە،چاپییەکەم کوردستان2005.
- تاڤگەی مەندوئەوانیتر ـ کۆیشیعرەکان پێکەوە،چاپییەکەم کوردستان2005.
- بەو ڕێیانەدا تێپەریم لەو کانییانەم خواردەوە،چاپییەکەم2010.
- ئەوەی لە دواخوانی برایاندا لە نەگوترابوو، چاپی یەکەم 2015.
- کەویە بەفرەکانی دۆزەخ، چاپی یەکەم 2016.

### *3) لەبواری وەرگێڕاندا*

- نووستوی بەرباران: شیعرلەفارسییەوە،چاپخانەی (عەلا) بەغدا 1980،چاپیدووەم بەزیادکراوییەوە- هەولێر- کوردستان 2005..
- ڕێگاوبان،پێنج چیرۆکی درێژ و شانۆنامەیەك لەنیکۆلای خایتۆفەوە.چاپییەکەم چاپخانەی (الحوادث) بەغدا 1983،چاپیدووەم هەولێر- دەزگای موکریانی 2005.
- سەرەتاییێك بۆتێگەیشتنی هونەری شێوەکاری. چاپییەکەم چاپخانەی(حسام) بەغدا1986.
- چاپیدووەم ـ هەولێر- دەزگای موکریانی2005.چاپیسێیەم ـ هەولێر 2015.
- چەندنامەیەك بۆ تارانتابابۆ: نازم حیکمەت، وەرگێڕان لەعەرەبییەوە.چاپییەکەم ـ چاپخانەی (الزمان)بەغدا 1990،چاپیدووەم ـ سوید ـ کتێبخانەی ئەرزان. چاپی سێیەم کوردستان 2005.
- دایکیکورد ـ دانییێل میتران وەرگێڕان لەعەرەبییەوە،چاپییەکەم 1996، چاپیدووەم 2011.
- شوانی بۆشایی ـ شیعر،چاپی یەکەم ـ کوردستان 2010.
- سترانبێژی شەقام ـ چاپی یەکم 2016.

### *4) پیشانگاکانی کۆلاژ- ناوەرۆکی 5 پیشانگا*

- پایزی چاوەکان،کۆلاژ لەتاراوگەی شیعردا چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ـ هەولێر1998
- چاوەکان هەمیشە چاوەکان، کلاوڕۆژنەیەك لەشەختەدا،چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری 1999
- دیسان چاوەکان چاپخانەی وەزارەتیڕۆشنبیری 2005.
- شرفە- بەزمانی عەرەبی،چاپییەکەم چاپخانەی خەبات دهۆك 1998.،چاپی دووەم بەکوردی بەناوی (گەمەشاراوەکانی با)،بەوەرگێڕانی نەجات حەمید ئەحمەد وپێداچوونەوەی نووسەر 2008.
- ساوی شتان لەفۆتۆگراف دا،چاپییەکەم 2008 .
- بێجگە لە دەیان شیعری وەرگێڕدراوو نووسینی دیکە لەکات وشوێنی جیاجیادا بەکوردی و عەرەبی.

# Street Singer

***A Collection of Foreign Poetry***
***Translated into Kurdish by:***

Nazhad Aziz Surme


First edition
Kurdistan - 2016

# Street Singer

## A Collection of Foreign Poetry Translated into Kurdish by:

## *Nazhad Aziz Surme*

First edition
Kurdistan - 2016




Sitranbéji Şeqam
Wergerandin bu Kurdi:
Nejad Aziz Surmé